
# چاپکراوی نوێ

(مرۆڤ و شارستانیەت) کتێبێکی تازە وەرگێڕدراوی نووسەرو ڕۆژنامەنووس (بەهادین جەلال مستەفا) یە کە لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، هاوکارمان (شاخەوان جەعفەر) دیزانیینی کردووە، بەم دواییە بە بەرگێك و وناوەڕۆکێکی ناوازەوە کەوتە بەر دەستی خوێنەرانەوە.. ئەم کتێبە باش لە ململانێی نێوان مرۆڤ و شارستانییەتەکان دەکات .. نووسەر لە سەرەتاوە دەنووسێت: وشەی شارستانیەت Culture کە ئەمڕۆ بەکاری دەهێنین بۆ سەردەمێکی تا ڕادەیەك نزیك دەگەڕێتەوە، ڕاستە زمانی عەرەبی و زمانەکانی دیکەی ئەوروپایی ئەم زاراوەیان لە سەردەمێکی زۆر دوورتر پێناسە کردووە، بەڵام ئەم زاراوەیە واتایەکی دیاریکراوی وەرنەگرتووە، تەنیا دوای ئەوەی توێژینەوەیەکی تایبەت بە ناوی (مێژووی شارستانیەت) سەری هەڵدا، ئەمەش بووە هۆی دوورخستنەوەی زۆر لە واتاکانی دیکەی بە تایبەتیش لە زمانانی ئەوروپا، وەك واتای ڕۆشنبیرکردن، و چاندن و پەروەردەی رووەکی.. تاد. شارستانیەت بە گشتی سیفەتێکی مرۆڤە، هەر ئەوە کە کۆمەڵگای مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئاژەڵ جودا دەکاتەوە، جا ئەگەر وەك سیفەتێکی ژیان بۆ هەندێ جۆری ئاژەڵ سەیربکرێت، ئەوا ناتوانین کە وەك هەندێ نووسەر دەڵێن کە شارستانییەت واتای زۆر فراوانتری هەیە، ئەوان دەڵێن دەتوانین رەفتاری هەندێ جۆرە گرووپی ئاژەڵان ناوبنێین شارستانییەت.

وەرگێڕ کتێبەکەی بەسەر چەندین بوارو بەشدا دابەش کردووە، وەك: واتای شارستانیەت، خەسڵەتەکانی شارستانیەت ، ڕێڕەوی شارستانیەت، بنەما مێژووییەکانی شارستانیەتی نوێی پیشەسازی، پێشەکییەکانی سەردەمی نوێی پیشەسازی، سەردەمی پێشکەوتووی پیشەسازی ،سەردەمی دواکەوتووی پیشەسازی، دواجار ئاماژە دەکات بۆ کێشەکانی مرۆڤ لە شارستانیەتی پیشەسازیدا، هەروەها کێشەی کۆمەڵگاو ڕێکخستن و تاك و کۆمەڵگا، دواجار کێشەی ماتریال و ڕوح. پیرۆزبایی لە هاوکارمان (بەهادین جەلال مستەفا) دەکەین، کە بەم بەرهەمە کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کرد.. لەگەڵ هیوای بەرهەمی زیاتر..



# هێزی بەغدا لە شپرزەیی ماڵی کورددایە

ئەگەر بە سەراپای مێژووی عێراقدا بڕۆینەوە، بەو مانایەی کە هاووڵاتی چەقی کارەکان و سیستمی حوکمڕانییەکەی بووبێت، یان پێکەوەژیان و دادپەروەری بنەمای بووبێت، دەبینین دەوڵەتبوون تەنیا ناوێك بووە و سیما و بنەماکانی دەوڵەتبوون لەم وڵاتەدا نەبووە. ڕەنگە لە سەردەمی پاشایەتیدا وڵاتێکی ئارام و تا ڕاددەیەك پێکەوەژیان هەبووبێت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی بەریتانییەکان کە مەلیك فەیسەڵ ڕەنگە تەنیا دیکۆرێك بووبێت، ئەگینا لە واقیعدا حوکمڕانی بە دەست بەریتانییەکان بووە. لەدوای ئەو مێژووەوە عێراق ئیتر وڵاتی بکوژ و ببڕ و زاڵکردنی ئەم نەتەوە بە سەر ئەو نەتەوە و ئەم مەزهەب بە سەر ئەو مەزهەبدا بووە و، وڵاتی ئینقیلاب و نائارامیی سیاسی بووە لە مێژوودا، لە دوای ئازادکردنیشی ماوەیەکی کەم بە ئیدارەی هاوپەیمانەکان تۆزێك ئارامیی بینیەوە، دوای ئەوەش جگە لەوەی سەردەمی تۆڵەکردنەوە و کوشتن و بڕین و سەرهەڵدانی چەندین گرووپ و تاقمی چەکدار بووە تا سەرهەڵدانی داعش و، مەیدانێك بووە بۆ شەڕ و بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز و جگە لە داگیرکردنی سەروەت و سامان و داهات و بەشکردنی وەك میرات بۆ چەند لایەنێك هیچی دیکە نەبووە. ئەوەی تا ئێستاش بە شێوازی مەدەنی و دەستووری مامەڵە لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەکات.

تەنیا کوردە کە بە دانوستان و بە یاسا و بە دەستوور باس لە کێشەکان دەکات. تەنیا هەرێمی کوردستانە کە نەوت بە ئاشکرا دەفرۆشێت و نکۆڵیی لێ ناکات، سەدان کێڵگەی نەوت بە دەست وڵاتانی دەوروبەر و گرووپە چەکدارەکان و خێڵ و عەشیرەتەکانەوەیە، نە کەس دەزانێت داهاتیان چەندە و نە کەسیش دەزانێت لە چ ڕێگەیەکەوە دەیفرۆشن. گرووپ و تاقمەکانی دیکە بە جووڵاندنی شەقام و هەڕەشە و



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاری پارتیزانی لەگەڵ حکومەت دەدوێن و داواکارییەکانیان تەنیا لە بەرژەوەندیی خۆیانە و هەموو کارێکیش بۆ ئەو بەرژەوەندییە دەکەن.

وڵاتێک سەروەریی نەمابێت، نەزانرێت کێ حوکم دەکات، تویتێکی مەرجەع، یان سەرۆکی گرووپە چەکدارەکان شەقام دەوروژێنێت و تا چەند رۆژێک وڵات ئارام نابێتەوە، نازانرێت شوێنی هاوسەنگیی هاوکێشە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان چۆنە و حوکم لای کێیە و شەقام بە دەست کێیە. ئەو هەموو داهاتە هەیە، کەچی ژێرخانی ئابووری سفرە و بژێویی رۆژانەی خەڵک لەسەر قەرزە! ئەمانە و چەندین کێشەی دیکەش هەن، بەڵام کاتێک کوردماڵەکەی خۆی شپرزەیە و هەرکەس بۆ خۆی کارتی چوون بۆ بەغدا بەکاردینێت، گوتار و سیاسەت و ستراتیژێکی یەکگرتوومان نییە، تیمی کورد لە بەغدا هەرکەس بە ئاوازێک دەخوێنێت، لە بەرامبەر ئەم شپرزەییەی ئێمە دا بەغدا بەرامبەر بە کورد بووە بە زلهێز و دەرەقەتی نایەین، بە راست و چەپدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان نادادپەروەری دەکات و مافەکانی پێشێل دەکات و بێبەشی دەکات و پول بە پول بە دوای داهاتی کوردستاندا دەگەڕێت، کەسێک نییە بە حکومەتی عێراق بڵێ ئەم هەموو داهاتەی وڵات بۆ کوێ دەڕوات، وا خەریکە عێراق نوقمی قەرز دەبێت. لەبەر ناکۆکییەکانی خۆمان هەموو لاوازییەکانی بەغدامان بیرچووەتەوە و هەر کەس بۆ خۆی بە جیا رادەکات بۆ بەغدا و، کێشەی مووچەی هاووڵاتیان وەک کارتی موزایەدە بەکاردێنێت، لەبری ئەوە پێویستە هەموو بە یەک تیم و بە یەک دەنگ، لەسەر نادادییەکانی بەغدا بەرامبەر کورد دەنگ هەڵبڕین. بە بڕوای من شپرزیی نێوماڵی کوردە کە بەغدای لەخۆبایی کردووە، ئەگینا لە هەموو عێراقدا گرووپ و نەتەوە و تاقمێک نییە وەک کورد مەدەنی و یاسایی مامەڵە لەگەڵ پرسەکاندا بکات.

# پایسکل
# هۆکارێکی گواستنەوەی ژینگەدۆست

پایسکل، وەك بیرۆکە لە یەکێك لە دیزاینەکانی هونەرمەندی ناسراوی ئیتاڵیا «لیۆناردۆ دافنشی» بینراوە لە ساڵی ١٤٩٣ی زایینی، کە لە یەکێك لە کتێبخانەکانی شاری میلانۆ پارێزراو بووە، دواتر لە ساڵی ١٨١٧ی زایینی لە ئەڵمانیا لە شێوەی ئامێرێکی ساکاردا بەرجەستە کرا، پاشان بە شێوازی باشتر و پێشکەوتووتر لە بەریتانیا دروست کرا لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠ی زایینی.

پایسکل هۆکارێکی گواستنەوەی سادە و بێ زیانە، بۆیە زۆرێك لە وڵاتان بەکاری دەهێنن. بەکارهێنانی پایسکل لە ژیانی ڕۆژانەدا، سوودێکی زۆری بۆ تەندروستی و پاراستنی ژینگە لە پیسبوون هەیە، لەوانە بۆ نموونە:

یەکەم: بەکارهێنانی زەنگێکی ئاگادارکەرەوەیە بۆ بەرپرسان و هاووڵاتییان سەبارەت بە هەبوونی کێشەی ژینگە لە کۆمەڵگەدا.

دووەم: دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕ.

سێیەم: پایسکل هیچ ماددەیەکی پیسکاری وەك هایدرۆکاربۆن و ئۆکسیدەکانی گۆگرد و کاربۆن و کبریتی لە پاش بەجێ نامێنێت.

چوارەم: هۆکارێکە بۆ وەرزش و بۆ خۆپاراستن لە زۆر نەخۆشی.

پێنجەم: دەنگی بەرز و ژاوەژاوی نییە.

شەشەم: لە شەقامدا ڕووبەرێکی زۆر کەم دەگرێت.

حەوتەم: بە هۆیەوە زۆر شوێنی نوێ دەبینیت، کە پێشتر ئۆتۆمبێل نەیتوانیوە بگاتە ئەو شوێنانە.

هەشتەم: کەمکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییە دزێوەکانی وەك حەسوودی بە هۆی بەرزیی مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکانەوە کە لە توانای هەموو کەسێکدا نییە بیکڕێت.

نۆیەم: لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوواندا سوودی زیاتری بۆ ژینگە دەردەکەوێت.


دەیەم: هێمایەکە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام.

یازدەیەم: هۆکارێکی ئابووریی ئاسانە لە زۆر شوێن و کاتدا بۆ گەیشتن بە شوێنی کار.

دوازدەیەم: هۆکارێکی کەم بارستە و قەبارەی شیاوە بۆ گەشتوگوزاریی ژینگەیی.

سێزدەیەم: هۆکارێکی شیاوە بۆ فرۆشیاران و پۆستەبەران.

چواردەیەم: هۆکارێکە بۆ ئارەزوومەندانی وەرزش بەگشتی و پایسکلسواریی بەتایبەتی بۆ دەرخستنی تواناکانیان و پێشبڕکێکردن لەم جۆرەی وەرزشدا.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەنووسێت

پازدەیەم: هۆکارێکی خاوێنە لە رووی ژینگەییەوە بۆ بازاڕکردنی کەم و کورتخایەن، لە ڕێگەی بەستنی سەبەتەی بازاڕکردن لە پێش و پاشی پایسکلدا.

شازدەیەم: هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە ڕێگەی کردنەوەی خولی فێرکردنی ئارەزوومەندانەوە.

حەڤدەیەم: هۆکارێکە بۆ یەکتر ناسینی گشت تەمەن و رەگەزەکان لە ڕێگەی کۆبوونەوەی بەکارهێنانەرانییەوە لەپارك و شوێنە گشتییەکاندا.

هەژدەیەم: بە رای رێکخراوی جیهانیی تەندروستی، پایسکل رێگەیەکە بۆ دابینکردنی ئاستێکی باڵاتری عەدالەت و دادپەروەریی تەندروستی بۆ هەژارترین سێکتەری کۆمەڵگە، کە لە زۆربەی کاتدا توانای کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەتیان نییە.

ئاسانکارییەکان بۆ بەکارهێنانی پایسکل

یەکەم: پێویستە جۆری باشی لێ هاوردە بکرێت.

دووەم: دەبێت ژمارەی زۆری لێ بخرێتە بازاڕەوە.

سێیەم: دەبێت ڕێڕەوی تایبەتی لە شەقامەکاندا بۆ تەرخان بکرێت.

چوارەم: باشتر وایە کەسانی بەرپرسیش بەکاری بێنن هەتا ببنە پێشەنگ.

پێنجەم: هەڵمەتی راگەیاندنی بۆ ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەکارهێنانی پایسکل بەکارێکی ئاسایی بزانرێت.

شەشەم: دەبێت شوێنی وەستاندنی پایسکلەکان دابین بکرێت.

حەوتەم: لە نووسینگە و فەرمانگەکاندا، شوێنی خۆشتن و خۆگۆڕین هەبێت بۆ بەکارهێنەرانی پایسکل.

هەشتەم: بەهاوکاریی نێوان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و یەکێتیی پایسکلسوارانی کوردستان، پێشبڕکێی پایسکلسواری ئەنجام بدرێت لە ٣ ی حوزەیرانی هەموو ساڵێك کە رۆژی جیهانیی پایسکلسوارییە.

نۆیەم: رۆڵی پایسکل بخرێتە نێو پرۆگرام و رێگەچارە ژینگەییەکان.

دەیەم: چاکترکردنی سەلامەتیی رێگەوبانی تایبەت بۆ بەکارهێنەرانی پایسکل


یازدەیەم: راهێنانی منداڵان لە سەر بەکارهێنانی پایسکل لە قۆناغی قوتابخانەوە.

دوازدەیەم: بە کولتوورکردنی بەکارهێنانی پایسکل لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگەوە.





# دیدی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا «جۆ بایدن» بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی



پ.د. شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**بایدن ئەمریکای خستەوە باری سەرکردایەتیکردنی جیهان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییە هەرە بەپەلەکانی جیهان**

**سیاسەتە ناجێگیرەکانی سەرۆک ترەمپ نەبوونە هۆی پاڵپشتیکردنی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراتییەت، بەڵکو سەریان کێشا بۆ لاوازکردنی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهان و لەباربردنی هاوپەیمانییەتیەکانی**

**بە ڕای بایدن، جیهان لەخۆیەوە خۆی ڕێکناخات، بۆیە پێویستی بە سەرکردایەتیی ئەمریکایە، کە پاڵپشتکراوە بە ئامانجگەلێکی ڕوون و ستراتیجیگەلێکی ساغڵەم، بۆ ئەوەی چالاکانە بەرەنگاری تەحەددییە دیاریکراوەکانی جیهان ببێتەوە**

جۆبایدن سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا دیدی خۆی خستەڕوو لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەویش لەپێناو گەڕاندنەوەی هەیبەتی پێگەی سەرکردایەتیی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوەوە و لەسەر ئاستی جیهان، چونکە ئەو بڕوای بە پەیوەندیی پتەوی نێوان سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە، لەم سۆنگەشەوە سەر بەو قوتابخانە هزرییەیە کە پەیوەستە بە شرۆڤەکردنی پەیوەندییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی کە دەڵێت: سیاسەتی نێودەوڵەتیی دەوڵەتەکە بریتییە لە دەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆییەکەی (هانس مۆرگنتاو: سیاسەت لەنێوان نەتەوەکاندا)، لەبەر ئەوە (بایدن) ڕایگەیاند کە، وەك سەرۆکێك، « ئاسایش و گەشەسەندن و بەهاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهێز دەکات لە ڕێی هەڵگرتنی هەنگاوی ڕاستەوخۆ بۆ تازەکردنەوەی دیموکراتی و هاوپەیمانیەتییەکانمان و پاراستنی ئایندەی ئابووریمان» بەم شێوەیە و جارێکی دیکە (بایدن) ئەمریکای خستەوە باری سەرکردایەتیکردنی جیهان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییە هەرە بەپەلەکانی جیهان.

لە ئیدارەی بایدندا، ئەمریکا سەرکردایەتیی جیهان دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییە هاوبەشەکان کە دەوڵەتێك بە تەنیا ناتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە: هەر لە گۆڕانی کەشوهەوا تا بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی، تا تیرۆری سنووربڕ، لە جەنگی ئەلکترۆنییەوە تا کۆچی بەکۆمەڵ. سیاسەتە ناجێگیرەکانی سەرۆك (ترەمپ) نەبوونە هۆی پاڵپشتیکردنی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراتییەت، بەڵکو سەریان کێشا بۆ لاوازکردنی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهان و لەباربردنی هاوپەیمانییەتیەکانی و لاوازکردنی تواناکانی بۆ تەیارکردنی کەسانی دیکە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەددییانەی کە هەڕەشەن بۆسەر ئاسایش و ئایندەی ئەو وڵاتە.

لەگەڵ ئەوەشدا (ریچارد هاس Haas) لە گۆڤاری ناوداری ئەمریکی (فۆرین ئەفێرز Foreign Affairs)دا دەنووسێت: « ترەمپ لە تێگەیشتنی هەموو شتێکدا بەهەڵەدا نەچووە، ئەو لەسەر حەق بوو لە تەحەددیکردنی چین لەمەڕ ڕەفتارەکانی لە بواری بازرگانیدا، کاتێ چەکی کوشندەی داوەتە ئۆکرانیا، هەروەها گرێبەستێکی نوێی بازرگانی لەگەڵ کەنەدا و مەکسیکیدا واژۆ کرد، هاوکات لە ناوبژیکردن بۆ ئاساییکردنەوەی نێوان ئیسرائیل و چەندین دەوڵەتی عەرەبی»

**(١)**

### ● بەها دیموکراتییەکان

لە وتارێکدا کە لە سەنتەری خوێندنی باڵای زانکۆی شاری نیۆیۆرك پێش کەمێك لە دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان پێشکەشی کرد، سەرۆکی هەڵبژێردراو (جۆبایدن) پلانەکانی خۆی خستەڕوو بۆ چاککردنەوەی ئەو زیانەی سەرۆك ترەمپ بە ڕەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای گەیاندووە، هەروەها ڕێڕەوێکی جەوهەریی جیاوازی داڕشت بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست جیهان لە ئێستاو ئایندەدا. ئەم دیدە تازەیە، هەروەك (بایدن) دووپاتی کردەوە بریتییە لە: ئەکتیڤکردنی دیموکراتییەکەمان و پتەوکردنی ئەو هاوپەیمانییە دیموکراتییانەی لە پاڵمان دەوەستن، دیموکراتی بنەچەی کۆمەڵگەمانە، سەرچاوەی هێزو نوێبوونەوەمانە، سەرکردایەتییەکەمان بەهێز دەکات، بۆ پارێزگاریکردن لە سەلامەتیی خۆمان لە جیهاندا. جوولێنەری داهێنانمانە کە گەشانەوەی ئابووریمان بەرەوپێش دەبات. ئەو ناسنامەمانە، هەر لە ڕوانگەی ئەوەوە لە جیهان دەڕوانین- و جیهان لە دیدگای ئەوەوە لێمان دەڕوانێت. لەبەر ئەوەی توانای ئەمریکا بۆ ئەوەی ببێتە هێزێك لە پێناو پێشخستنی جیهان و خستنەگەڕی هەوڵی بە کۆمەڵ لە ناوخۆوە دەستپێدەکات. نابێت ئەمریکا تەنیا لە ڕێی لۆژیکی هێزەوە سەرکردایەتی بکات، بەڵکو بە هێزی لۆژیك.

(٢)

### ● نوێکردنەوەی سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ تەیارکردنی بزاوتی جیهان سەبارەت بە هەڕەشە جیهانییەکان

١- ڕێکخستنی جیهان: بە ڕای (بایدن) جیهان لەخۆیەوە خۆی ڕێکناخات، بۆیە پێویستی بە سەرکردایەتیی ئەمریکایە، کە پاڵپشتکراوە بە ئامانجگەلێکی ڕوون و ستراتیجیگەلێکی

ساغڵەم، بۆ ئەوەی چالاکانە بەرەنگاری تەحەددییە دیاریکراوەکانی جیهان ببێتەوە لەم سەردەمەماندا. لەبەر ئەوە دووپاتی دەکاتەوە «بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەرکردایەتی بکەین، پێویستە ڕاستگۆیی و دەستڕۆیشتوویی خۆمان بەدەست بێنینەوە». پەیمانیش دەدات کە لە یەکەم ڕۆژی ئیدارەکەیەوە، ئەوا دەوڵەتانی دیکە دەتوانن جارێکی دیکە متمانە بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بکەنەوە و ڕێز لە قسەی سەرۆکی ئەمریکا بگرن، ئەویش لەپێناو پێکەوە کارکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵکشانی پۆپۆلیست و نەتەوەپەرست و دیماگۆجییەکان، و ڕوبەڕووبوونەوەی توانای گەشەکردووی هێزە ستەمکارەکان و هەوڵەکانیان بۆ دابەشکردنی دیموکراتییەکان، هەروەها هەڕەشە ناوازەکان لەم سەردەمەماندا، لەوانەش هەڕەشەی نوێی جەنگی ئەتۆمی، کۆچی بەکۆمەڵ، کاریگەریی وێرانکەرانەی تەکنەلۆژیا تازەکان، گۆڕانی کەشوهەوا.

٢- بەرگری لە بەرژەوەندییە زیندەگییەکان: لەم بوارەدا کە پەیوەستە بە هەڕەشەکان، بایدن پەیمان دەدات کە بەرگری لە بەرژەوەندییە زیندەگییەکانی ئەمریکا بکات، هیچ کاتێك دوودڵ نەبێت لە پاراستنی گەلی ئەمریکا، لە کاتی پێویستیشدا هێزبەکاربهێنێت، ئەو دەڵێت: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهێزترین سوپای هەیە لە جیهاندا، و بایدن مانەوەی خۆی بەم شێوەیە زامن دەکات، کاتێ ئیدارەی بایدن وەبەرهێنانی پێویست ئەنجام دەدات بۆ ئامادەکردنی هێزەکانی ئەمریکا بە شێوەیەك کە بتوانێت ڕووبەڕووی تەحەددییەکان ببێتەوە و بەرگری لە بەرژەوەندییە زیندەگییەکانی ئەمریکا بکات.

٣- کۆتاییهێنان بە جەنگەکان: بایدن پلان دادەڕێژێت بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگە هەمیشەییەکان لە ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە خوێن و پارەیەکی بێشوماری لە پێناودا بە هەدەر درا، هەروەها بایدن زۆربەی زۆری هێزەکان لە ئەفغانستانەوە دەگەڕێنێتەوە وڵات، ئەرکەکەی زیاتر دەخاتە سەر قاعیدە و داعش، هەروەها کۆتایی بە پاڵپشتیی ئەمریکا دەهێنێت بۆ ئەو جەنگەی کە سعودیە لە یەمەن سەرکردایەتیی دەکات. مانەوە لەو ململانێیانەی ناکرێت براوە بیت تێیاندا، تەنیا دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی تواناکانی ئەمریکا لە سەرکردایەتیکردنی کێشەکانی دیکە کە پێویستیان بە بایەخێکی تایبەت هەیە، ڕێگریشە لە بنیادنانەوەی ئامرازەکانی دیکەی هێزی ئەمریکا.

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی دیپلۆماسی: وەك سەرۆك، بایدن هەوڵدەدات، کارامەیی دیپلۆماسییەتی ئەمریکا وەك ئامرازێکی سەرەکی بەرزبکاتەوە بۆ بەشداریکردنی ئەمریکا لە کاروبارو کێشە جیهانییەکاندا، هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەکی تازەو ڕێك بنیاددەنێتەوە، لەپێناو کاری هەرەوەزی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا کە کاری دیپلۆماسییەت سەلامەتترو سەرکەوتووتر دەکات بۆ زامنی پاراستنی پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك تاکە زلهێزێك لە جیهاندا- بەپێی ئەوەی کە زانای سیاسیی ناودار (هنتکتن) دەستنیشانی کردووە. کاندیکردنی کەسایەتیی دیپلۆماتی (Antony Blinken ئەنتونی بلینکن) وەك وەزیری دەرەوە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە.

٥- گێڕانەوەی هاوبەشییەکان و دووبارە وێناکردنەوەیان: بایدن زۆر چالاکانە هەوڵدەدات شەراکەتی مێژوویی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هاوپەیمانە مێژووییەکانی لە ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بگێڕێتەوە، بایدن هەوڵدەدات دیدگایان بۆ ئایندە دابڕێژێتەوە، ئەمەش بە واتای پاراستنی توانا سەربازییەکانی پەیمانی ناتۆیە، لەگەڵ زیادکردنی توانا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە ناتەقلیدییە نوێیەکان، وەك گەندەڵیی چەکداری و دزی ئەلکترۆنی و هەڕەشەگەلی تازە لە بۆشایی ئاسمان و لە بەرزاییەکانی دەریادا، داواکردن لە هەموو دەوڵەتانی ناتۆ کە پابەند ببنەوە بە بەرپرسیارێتییەکانیان وەك ئەندام لە هاوپەیمانیی دیموکراتی، هەروەها بەهێزکردنی هاریکاری لەگەڵ شەریکە دیموکراتییەکان لە دەرەوەی ئەمریکای باکوور و ئەوروپا لە ڕێی گەیشتن بە شەریکەکان لە ئاسیا بۆ پتەوکردنی توانا بەکۆمەڵەکان و هێنانەناوی دۆستان لە ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا. کاتێك

**بایدن پلان دادەڕێژێت بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگە هەمیشەییەکان لە ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە خوێن و پارەیەکی بێشوماری لە پێناودا بە هەدەر درا**

**بایدن زۆر چالاکانە هەوڵدەدات شەراکەتی مێژوویی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هاوپەیمانە مێژووییەکانی لە ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بگێڕێتەوە**

**کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان میواندارێی لووتکەی داهاتووی هەردوو ئەمریکا دەکات لە ساڵی ٢٠٢١، سەرۆکی هەڵبژێردراو (بایدن) ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە بۆ بنیادنانەوەی رایەڵی بەهێز لەگەڵ نیوەی ڕۆژئاوای زەمین لەسەر بنەمای دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا**

**بایدن هەوڵدەدات پەیماننامەی نوێی (ستارت) درێژبکاتەوە، کە بناغەیە بۆ سەقامگیریی ستراتیجیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا، ئەمەش وەک بناغەیەک بەکاردەهێنێت بۆ رێکاری تازەی دانانی سنوورێک بۆ چەک**

**سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن لە تویتەردا نووسیویەتی: زۆرمان هەیە کە بیکەین بۆ زاڵبوون بەسەر تەحەددییەکانی ئەمرۆ، با پێکەوە کاربکەین**

**دوای چوار ساڵ لە پەیوەندیی ساردی سەردەمی ترەمپ، لە بەیاننامەیەکدا (ینس ستۆلتنبێرگ) ئەمینداری گشتیی پەیمانی ناتۆ بە گەرمی خۆشحاڵیی بە هەڵبژاردنی بایدن دەربڕی**

ویلایەتە یەکگرتووەکان میوانداریی لووتکەی داهاتووی هەردوو ئەمریکا دەکات لە ساڵی ٢٠٢١، سەرۆکی هەڵبژێردراو (بایدن) ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە بۆ بنیادنانەوەی ڕایەڵی بەهێز لەگەڵ نیوەی ڕۆژئاوای زەمین لەسەر بنەمای دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا. هەروەها هاوپەیمانێتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ژاپۆن و کۆریای باشوورو ئوستralیا و دیموکراتییەکانی دیکەی ئاسیا بەهێز دەکات، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە پابەندبوونی توند بە ئاسایشی ئیسرائیلەوە.

**(٣)**

● **نوێکردنەوەی پابەندبوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دانانی سنوورێك بۆ پڕچەککردن لە سەردەمی تازەدا**

لە کارە پێشینەییەکانی بایدن ڕێگەگرتنە لەوەی کە ڕێککەوتنی مێژوویی ئەتۆمیی ئێران، کە ئیدارەی (ئۆباما و بایدن) شان بە شانی هاوپەیمانەکان و هێزەکانی دیکەی جیهان گفتوگۆیان لەبارەوە کرد، لەلایەن ئێرانەوە بەکارنەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. لەگەڵ ئەمەشدا، سەرۆك ترەمپ وەلاوەیەوە نابوو، ئەمەش وای کرد کە ئێران بەرنامە ئەتۆمییەکەی بە گەڕبخاتەوە و زیاتر کاری ئیستفزازی بکات، بەمەش ناوچەکەی خستە سەر لێواری جەنگێکی دیکەی کارەساتبار، بەڵام ئەگەر ئێران پێوەی پابەند بووەوە، ئەوا سەرۆك بایدن دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکە، ئەویش بە بەکارهێنانی دیپلۆماسییەتێکی توند بە پاڵپشتیی هاوپەیمانەکانمان بۆ بەهێزکردن و درێژەپێدانی، بەڵام چالاکانەتر بەرەنگاری چالاکییە ناسەقگیرکارەکانی دیکەی ئێران دەبێتەوە.

لە کۆریای باکووردا، بایدن دەست دەکات بە هەڵمەتێکی بەردەوام و بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و ئەوانی دیکە، لەوانەش چین، بۆ بەهێزکردنی ئامانجە هاوبەشەکە کە بریتییە لە داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە کۆریای باکوور. وەك سەرۆك، بایدن هەوڵدەدات پەیماننامەی نوێی (ستارت) درێژبکاتەوە، کە بناغەیە بۆ سەقامگیریی ستراتیجیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا، ئەمەش وەك بناغەیەك بەکاردەهێنێت بۆ ڕێکاری تازەی دانانی سنوورێك بۆ چەك.

**(٤)**

کچە ڕۆژنامەنووسی دیاری ئەمریکا و پسپۆڕ لە شرۆڤەکردنی کاروباری دەرەوە Robin Wright لە گۆڤاری بەناوبانگی ئەمریکی -New York er) November2020 وتارێکی شیکاریی نووسیوە سەبارەت بە لێکدانەوە و بۆچوونی (بایدن) لەمەڕ سیاسەتی داهاتووی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ژێر ئیدارەی ئەودا، ڕۆژنامەنووسەکە هەندێك لێکدانەوە و بۆچوونی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە پایە جەوهەرییەکانی ئەو سیاسەتە و بەم شێوەیە:

● **حەوت پایەکەی سیاسەتی دەرەوەی بایدن**

ڕۆژنامەنووس (رایت) دەنووسێت کە سەرۆکی هەڵبژێردراو (بایدن) لە دەرەوە زیاتر جەماوەری لەگەڵدا دەبێت بە بەراورد بە ناوخۆ، ئەمەش بەشێکی بۆ ئەو شارەزاییە دەگەڕێتەوە کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیەتی، بایدن لەنێوان هەڵبژاردنی یەکەمی بۆ ئەنجومەنی پیران لە ساڵی ١٩٧٢، وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆك لە ساڵی ٢٠٠٩، هەروەها دوو ماوەی وەك سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران بەسەر بردووە، چەندین دەیە سەردانی ناوچە گەرمەکانی ململانێ و کارەساتبارەکانی کردووە، چاوی بە سەدو پەنجا سەرکردەی بیانی لە نزیکەی پازدە دەوڵەت کەوتووە.

توێژەری پسپۆڕ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆیۆرایس Riceی ئەمریکی، -Douglas Brin kley دۆگلاس برینکلی رای تایبەتی و گرنگی خۆی هەیە دەربارەی سەرۆکی هەڵبژێردراو کە دەڵێت: بە دڵنیاییەوە بایدن شارەزاترین سەرۆکی ئەمریکایە لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە، لە رووی ناسینی هەموو وڵاتێك و چۆنێتیی کارکردنی هەر یەکێك لەو وڵاتانە، کەس وەك بایدن شارەزایی لە سیاسەتی دەرەوەدا نییە، بەڵام بەهۆی کۆتوبەندە سیاسییە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی ئەگەر کۆمارییەکان پارێزگارییان لە کۆنترۆڵکردنی ئەنجومەنی پیران کرد، ئەوا کارەکە دیسان بە کاریگەریی بایدن کۆتایی دێت بەسەر هەموو جیهاندا زیاتر




لە کاریگەریی بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بۆیە دەکرێت بایدن لە ناوخۆدا تووشی کۆسپ بێت، هەروەك برینکلی دەڵێت، بەڵام دەرفەتی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لە گەورەترین سەرکردەکانی سیاسەتی دەرەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، (رایت) دەنووسێت: وێڕای شارەزاییەکەی، بایدن پاڵپشتیی کردووە لە هەندێك سیاسەتی مشتومڕئامێز. ئەو دژی ئەوە بوو ڕێگا بدرێت بە ئەنجامدانی پرۆسەی گەردەلوولی بیابان بۆ دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوێت ساڵی ١٩٩١، بەڵام دوای ئەوە پاڵپشتیی لە پەلامارەکەی ئەمریکا بۆ عێراق کرد لە ساڵی ٢٠٠٣، لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەشداریی کرد لە نووسینی سەروتارێك لە رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) کە رووبەڕووی رەخنەی زۆر بووەوە، پێشنیاری کردبوو عێراق بەسەر سێ دەوڵەتی بچووکی خاوەن ئۆتۆنۆمی (سوننی و شیعی و کوردی)دا دابەش بێت، بەڵام (رایت) باسی ئەوەی نەکردبوو کە (رۆبێرت گێتس Gates) بەڕێوەبەری CIA و وەزیری پێشووتری بەرگریی ئەمریکا لە یاداشتەکانیدا لەسەر بایدن نووسیبووی: پیاوێکی دەستپاکە، ئەستەمە پێی سەرسام نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا (گیتس) گوتبووی کە بە درێژایی چوار دەیەی رابردوو بایدن هەڵە بووە لە هەموو پرسە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەیی.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دوای هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ و هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە کە بە تەواوی جیاوازە لە سەرۆك ترەمپ، خۆی لەبەردەم دۆخێکی تازەدا دەبینێتەوە، کە پێویست دەکات سیاسەتگەلێکی تازە دابنێت، بەتایبەتیش لە داڕشتنێکی تازەی سیاسەتی دەرەوەدا. کەواتە، دەبێ ئەو داڕشتنە تازەیە چۆن بێت؟

(رایت) دەڵێت: بۆ دیاریکردنی ئەو سیاسەتە تازەیەی دەرەوە، دەکرێت حەوت پایە دەستنیشان بکرێت، کە سیاسەتی تازەی دەرەوەی ئەمریکای لەسەر بنیادبنرێت، بریتین لە:

١-پایەی یەکەم بریتییە لە ژیان بەبەرداکردنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە لەگەڵ ئەوروپادا هەرەسی هێناوە، چونکە بیروباوەڕی ترەمپ (ئەمریکا یەکەم) ئەو هاوپەیمانییەی لاواز کرد کە بە درێژایی ئەو چەند دەیە بەهێزترین ئامرازی جیهانی بوو بۆ واشنتۆن، هەروەها سەرۆکی فەرەنسا ئیمانۆیل ماکرۆن لە توێتەردا نووسیویەتی: زۆرمان هەیە کە بیکەین بۆ زاڵبوون بەسەر تەحەددییەکانی ئەمرۆ، با پێکەوە کاربکەین، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاش (ماس) دەڵێت: دەمانەوێت هاریکارییەکەمان بەرهەمدار بێت لەپێناو سەرەتایەکی تازە بە ڕێی ئەتڵەسی و گرێبەستێکی نوێ.

٢- -پایەی دووەم، بریتییە لە کۆکردنەوەی هێز و داهاتەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان، پێشبینیش دەکرێت بە خێرایی کاربکات بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ناتۆ- گەورەترین هاوپەیمانیی سەربازی لە جیهاندا، کە نوێنەرایەتیی نزیکەی ملیۆنێك کەس دەکات- دوای چوار ساڵ لە پەیوەندیی ساردی سەردەمی ترەمپ، لە بەیاننامەیەکدا (ینس ستۆلتنبێرگ) ئەمینداری گشتیی پەیمانی ناتۆ بە گەرمی خۆشحاڵیی بە هەڵبژاردنی بایدن دەربڕی، ئەو نووسیویەتی: ئێمە پێویستمان بەو هێزە بەکۆمەڵە هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەندین تەحەددی کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، لەوانەش ڕووسیا، تیرۆری نێودەوڵەتی، هەڕەشەکانی سیبرانی و مووشەکی، هەروەها گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزە جیهانییەکان لەگەڵ هەڵکشانی چین.

٣- -پایەی سێیەم، بریتییە لە بڕواهێنانی بایدن بە پەیماننامەو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، چونکە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێکەوتننامانەی کە ترەمپ دەستبەرداری بوون، وەك گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتننامەی ساڵی ٢٠١٥ی پاریس بۆ کەشوهەوا کە بۆ ڕزگارکردنی زەوی داڕێژرا، هەروەها چوونە ناو ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ ئەوەی بەپیرەوەهاتنێکی جیهانی و بەهێز پێکبهێنرێت بۆ پەتای کۆڤید-١٩.

**بایدن پلان دادەنێت بۆ درێژکردنەوەی ئەو تاکە پەیماننامەی کە ماوەتەوە بۆ دانانی سنوورێك بۆ چەك لەگەڵ ڕووسیادا، کە سنوور بۆ چەکی ئەتۆمی دادەنێت و لە مانگی شوباتدا کۆتایی دێت**

بایدن پلان دادەنێت بۆ درێژکردنەوەی ئەو تاکە پەیماننامەی کە ماوەتەوە بۆ دانانی سنوورێك بۆ چەك لەگەڵ ڕووسیادا، کە سنوور بۆ چەکی ئەتۆمی دادەنێت و لە مانگی شوباتدا کۆتایی دێت، بایدن دیسان دەیەوێت کاربکات لەگەڵ هەر سێ هێزەکەی ئەورووپا (بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا) وێڕای ڕووسیا و چین بۆ بەتینکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران کە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ٢٠١٥ وتووێژی لەسەر کرابوو، ترەمپیش لە ساڵی ٢٠١٨ دەستبەرداری بوو.

٤- پایەی چوارەم تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤ، بایدن دەوڵەتانی هەڵسەنگاندووە لەمیانی تۆمارەکانیان لە پەیوەندی بە ئاستی ڕێزگرتنیان لە مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش وا لە ستەمکاران دەکات دوودڵ بن لە سەرکوتکردنی نەیارەکانیان.

**سیاسەتی دەرەوەی بایدن بریتییە لە توندکردنی مامەڵە لەگەڵ ڕژێمە نادیموکراتییەکان و سەرکردە دیکتاتۆرییەکان، ئەمەش بە دڵی ستەمکارەکان نابێت**

٥- پایەی پێنجەم سیاسەتی دەرەوەی بایدن بریتییە لە توندکردنی مامەڵە لەگەڵ ڕژێمە نادیموکراتییەکان و سەرکردە دیکتاتۆرییەکان، ئەمەش بە دڵی ستەمکارەکان نابێت، داهات و هێزیان هەر چەند بێت، وەك ئەوەی ترەمپ ئەنجامی دا. لە تەمووزی ڕابردوودا بایدن تویتێکی کرد و ڕایگەیاند چیدیکە دەسەڵاتی ڕەها نادرێت بە دیکتاتۆرە دڵخوازەکەی ترەمپ. لە هەمان کاتدا، لە پرۆگرامی حزبی دیموکراتیدا هاتووە کە بایدن باوەڕی بە گۆڕینی ڕژێمەکان نییە.

بەرنامەی بایدن لە تێکەڵبوونی نێوان پرەنسیپەکان و پراگماتیك بە شێوەیەکی باشتر ڕەنگدانەوەی هەبوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا (پوتین) دا، (ئەنجیلا ستینت Angela Stent) بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئەورووپی و ئاسیایی و ڕووسی و ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە زانکۆی جۆرج تاون دەڵێت: تا ئێستا ڕووسیا دانی بە سەرکەوتنی بایدندا نەناوە، چونکە ئەمە بەشێکە لە سیاسەتەکەیان بۆ پاڵپشتیکردنی زیاتر لە جەمسەربەندی و دابەشکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

ڕووسییەکان لە نزیکەوە بایدن دەناسن، سەرۆکی هەڵبژێردراو چەندین جار پوتینی دیوە، (ستینت) دەڵێت: بایدن وتارێکی توندی هەبوو سەبارەت بە ڕووسیا، بۆیە ئەوان لێی نیگەرانن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووسییەکان دەزانن کە ئیدارەی بایدن ئامادەیە بۆ گێڕانەوەی کەناڵە نەریتییە دیپلۆماسییەکان کە لەمیانی ئیدارەی ترەمپدا پەکیان کەوتبوو. ستینت هەروەها دەڵێت: بایدن زیاتر توانای پێشبینیکردنی دەبێت، هەتا ئەگەر سزای زیاتر بسەپێنێت، دیارە زیاتر جەخت لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتییەت دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، هەندێ لە هاوپەیمانە دێرینەکان نیگەرانن لەبارەی پەیوەندییان لەگەڵ بایدندا، بنیامین نتنیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل نزیکترین هاوپەیمانی ترەمپە، کە هەندێك لە خەونە توندئامێزەکانی نتنیاهۆی بەدیهێنا، ئەویش بە دانانی قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل، هەروەها

گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ ئەوێ، هاوکات پێشنیازی توندی پلانی ئاشتی لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدا و دەستبەرداربوون لە فەلەستینییەکان، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەندێ وڵاتی عەرەبیدا. نتانیاهۆ لە تویتێکدا هەوڵی دا هێمن بێت: ( جۆ - کە مەبەستی- بایدنە، لەوەتەی ٤٠ ساڵە، پەیوەندییەکی شەخسیی دێرین و گەرممان پێکەوە هەیە، من تۆ وەك دۆستێکی گەورەی ئیسرائیل دەناسم). بەڵام بایدنیش دەزانێت خاڵەکانی لاوازی و پەسندکاریی سیاسیی سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئاڵۆز چین.

٦- پایەی شەشەم بریتییە لە ڕێزگرتنی زیاتری ئەو دەوڵەتانەی داهات و هێزیان کەمە، وەك دەیان دەوڵەتی پێنج کیشوەرەکە، زۆر لە سیاسەتمەداران و تەنانەت خەڵکەکە بەگشتی هیوادەخوازن (بایدن) گرنگییەك پیشان بدات لەسەرووی بەهای خانووبەرە -beyond real-es tate values بێت، بە هەمان شێوەی ترەمپ باس لە (دەوڵەتە پۆخڵەکانی) کیشوەری ئەفریقیا ناکات، بایدن بە درێژایی چوار دەیە چەندین جار چۆتە ئەفریقیا، بەڵام ترەمپ وەك سەرۆك پێی پێ نەکەوتووە. (زەیتۆ کابۆی) سەرۆکی گروپی هاوپەیمانیی ئۆپۆزسیۆن لەپێناو گۆڕین و شەفافییەتدا لە تانزانیا، لە تویێتەردا نووسیویەتی: سەرکەوتنی بایدن هێمایەکی هیوابینیی دیموکراتییەت بوو، لە کاتێکدا چەند بەشێکی دیکەی جیهان دەبینێت کە رووناکییەکە کزدەبێت، ئەمە ئەو هیوایە دەبەخشێت کە دەستپاکی و راستگۆیی و کۆشش تائێستا هەر گرنگن، لە هەمان کاتدا پێویستە ئیدارەی بایدن لە ناوخۆش پێشکەوتن بەدەست بهێنێت، تایبەت بە کێشە ئیتنییەکان، تاکو ببێتە جێی ڕاستگۆیی لە بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندا.

٧- کۆتا پایە، پایەی حەوتەم بریتییە لەوەی کە بایدن لە گلۆبالیستە دیارەکانە « an unapologetic globalist»، کە ئەمە دەبێتە تەوەرێك لە بەرنامەکەی تایبەت بەو پرسانەی نێوان پەتاکەو بووژانەوەی ئابووریی جیهانی و تیرۆر، لەگەڵ ئەوەشدا، رووبەڕووی تەحەددییەك دەبێتەوە لە قایلکردنی جیهان بەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ئێستا شایانی ئەو هێزەیە کە رۆژێك هەیبووە. (کورت کامبێل Kurt Campbell)ی دیپلۆماتی پێشوو کە ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی ئاسیایە، دووپاتی دەکاتەوە کە: لە هۆڵەکانی دەسەڵات و لە ژوورەکانی ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنی جیهان، گفتوگۆیەکی هێمنانە دەکرێت سەبارەت بەوەی کە ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆنترۆڵی نەخشەی جیهان دەکات. ئیدارەی بایدن پێویستی بە هەبوونی ویست و هێزو فێڵکاریی ئەمریکی هەیە، بەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان تا ئێستاش دەتوانێت و پێویستیشە رۆڵی پێشەنگ بگێڕێت. (نیبلیت Robin Niblett) بەڕێوەبەری (چەتام هاوس) لە لەندەن دووپاتی کردەوە کە هەڵکشان و داکشانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە درێژایی دوو دەیەی رابردوو- لە بوشەوە بۆ ئۆباما تا ترەمپ- بووە هۆی ددانپێدانانی واقیعییانەی هاوپەیمانان بەوەی کە قۆرخکردنی سیاسەتی دەرەوە بە فەرمانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (واتا بەو فەرمانانەی لە سەرۆکەوە دەردەچن) مەترسیدار و ڕاگوزەرن، سیاسەتی هەمیشەیی ئەمریکا پێویستی بە پاڵپشتیی کۆنگرێس هەیە، رێککەوتننامە دەرەکییەکان پێویستیان بە رەزامەندیی ئەنجومەنی پیران هەیە، تاکو سەرۆکەکان نەتوانن لە ئایندەدا دەستبەرداریان بن، هەر وەك چۆن ترەمپ لە گەڵ رێککەوتنی ئەتۆمی ئێرانیدا ئەم هەنگاوەی نا، (نیبلیت) زیاتر دەڵێت: هاوپەیمانان هیواخوازن کە شارەزایی زۆری یاسایی بایدن یارمەتیدەری بێت تا سیاسەتگەلێکی دەرەکی و ناوخۆیی درێژخایەن دابڕێژێت.

ئایا دەکرێت ئەم بنەمایانە وەك سیماگەلێکی سیاسەتی چاوەڕوانکراوی دەرەوەی ئەمریکا لە واقیعی سیاسەتی ئاڵۆز و ناڕون و پڕ مەترسییدا بچەسپێندرێن؟ ئەم وەڵامە بۆ رۆژانی داهاتوو و ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتیی بایدن بەجێ دەهێڵین. کەواتە با ببینین لە ئایندەدا چی روودەدات.

**تا ئێستا رووسیا دانی بە سەرکەوتنی بایدندا نەناوە، چونکە ئەمە بەشێکە لە سیاسەتەکەیان بۆ پاڵپشتیکردنی زیاتر لە جەمسەربەندی و دابەشکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان**

**سیاسەتی هەمیشەیی ئەمریکا پێویستی بە پاڵپشتیی کۆنگرێس هەیە، رێککەوتننامە دەرەکییەکان پێویستیان بە رەزامەندیی ئەنجومەنی پیران هەیە، تاکو سەرۆکەکان نەتوانن لە ئایندەدا دەستبەرداریان بن**



## دکتۆر ئەحمەد سەفار

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# وێڕای ئەگەری باشبوونی ئابووریی جیهان، ساڵی ٢٠٢١ بۆ عێراق ساڵێکی زۆر زەحمەت دەبێت

**مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەگەرییدا وێڕای تاوتوێکردنی چەند پرسێکی هەنووکەیی باسی لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کرد لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. سەبارەت بە ئامادەبوونی هەرێم بە رێککەوتنەکان سەرۆکی حکومەت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: «حکومەتی عێراق هەموو کاتێك پشکی داهاتی نەوتیان لە مووچە بڕیوە و پێشوەختە بڕی داهاتی نانەوتی بڕاوە، واتە حکومەتی عێراق تەنیا ئەو پارەیەی ئامادە بووە بینێرێت، کە ئیزافەن لە سەر ئەوەی لە حکومەتی هەرێم ئامادە دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەشیان جێبەجێ نەکرد»، سەبارەت بەم پرسە و بارودۆخی دارایی و ئابووریی عێراق و دووركەوتنەوە لە بنەماکانی هاوبەشی و هاوسەنگی و رێککەوتن و بەلاڕێدابردنی راستییەکان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر ئەحمەد سەفار بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وەکو بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق و پسپۆڕ و شارەزایەکی ئابووری؛ چۆن دەڕوانیتە بارودۆخی دارایی لە عێراق؟**

- عێراق لە قەیرانێکی دارایی سەختدایە و داهاتی نەوتی و نانەوتی بەشی بودجەی بەکارخستن و تەنانەت مووچەکانیشی ناکات، حکومەت بە ناچاری بۆ پێدانی مووچەکان و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی پەنای بۆ یاسای قەرز بردووە، ئەمەش حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو بوو لە وڵاتێکدا کە بە رێژەی ٩٣٪ی داهاتەکەی داهاتی نەوتییە، ئەو داهاتەی کە لە بازاڕە جیهانییەکاندا بە هۆی کۆرۆنا و قەیرانی گەورەی جیهانەوە دیاریکراو نییە، بۆیە ئەگەر وڵات بەم بارودۆخە بەڕێوە ببرێت، ئەوا لەگەڵ ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوتیشدا قەیرانە داراییەکەی هەر دەمێنێت. لە ئێستادا حکومەتی عێراق ناتوانێت کۆنتڕۆڵی داهاتی نەوتی و نانەوتی خۆی بکات و چاکسازی پێ ئەنجام نادرێت و ئابوورییەکەی بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەچێت.

*** لەگەڵ ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە بە سامان و دەرامەتی نەوتی و نانەوتی، بەڵام بەردەوام بودجەکەی کورتهێنانی تێدایە؛ پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم کورتهێنانە لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢١ دا چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- هەرچەندە وا پێویست بوو پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢١ی عێراق لە ١٠/١٥ی ئەمساڵدا بگەیشتایەتە لێژنەی دارایی پەرلەمان، بەڵام زۆر دواکەوت. هەر خۆی لەخۆیدا کارکردن لەناو وڵاتێکدا کە یاسای بودجەی نەبێت، یان پڕ بێت لە کەموکورتی و پشت بە قەرزی دەرەکی و نێوخۆیی ببەستێت، کارەساتە. وا پێویست بوو هەر زوو حکومەتەکەی کازمی دەستی بە چاکسازیی دارایی و ئابووری و کارگێڕی لە هەیکەلی ئابووریی دەوڵەتدا بکردایە، بەبێ ئەم چاکسازییە ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت بچێتە ٧٠ دۆلاریش، تەنیا بەشی مووچە و پێداویستییە سەرەکییەکان دەکات و عێراق بودجەکەی لە کورتهێنان دەرباز نابێت. ئێمە لە چاوەڕوانی ناردنی بودجەکەداین بۆ ئەوەی بزانین ئایا لەناو پرۆژە یاسای بودجەکە رەچاوی وەرەقەی سپی و وەرەقەی لێژنەی دارایی پەرلەمان و چاکسازییەکان کراوە.

**ئەگەر لە کوردستان بە رێژەی ١٢,٦٧٪ گەندەڵی هەبێت، لە عێراق بە رێژەی لە ٨٨٪ گەندەڵی هەیە**

*** باس لەوە دەکرێت کە هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق لە سەر یاسای بودجەی ٢٠٢١ گەیشتوونەتە رێککەوتن، ئایا ئەم رێککەوتنەش لەناو هۆڵی پەرلەماندا بە دەردی گرژی و ئاڵۆزییەکانی دیکە نابرێت و بێ دەنگی کورد و رەچاوکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم تێپەر ناکرێت؟**

- حکومەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمە بۆ جاری سێیەمە رێککەوتن دەکەن، لە کۆتایی هەفتەی رابردوودا هەردوو لا رێککەوتن و لێکتێگەیشتنێکی باشیان کردووە، بەڵام ئەو رێککەوتنە لەناو هۆڵی پەرلەمان ناهێڵن تێپەڕ بێت، بە هاوشێوەی یاسای قەرزی دەبەن.

**تەنیا ١٠٪ی داهاتی نانەوتی دەگاتە حکومەت و ئەوانی دیکە لە دەروازە سنوورییەکانەوە بەفیڕۆ دەچێت**

**حکومەتی عێراق ناتوانێت کۆنترۆڵی داهاتی نەوتی و نانەوتی خۆی بکات و چاکسازی پێ ئەنجام نادرێت و ئابوورییەکەی بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەچێت**

**کارکردن لەناو وڵاتێکدا کە یاسای بودجەی نەبێت، یان پڕ بێت لە کەموکورتی و پشت بە قەرزی دەرەکی و نێوخۆیی ببەستێت، کارەساتە**

**هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی عەرەب کە پێشتر لە ٢٠١٩ لەگەڵ ئێمە بوون، زۆر سیاسەتیان گۆڕیوەو لە ژێر پەردەی دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێم دژایەتی گەلی کوردستان و قەوارەکەی دەکەن**

**زۆر پەرلەمانتاری کورد هەن کە بە دەنگی کورد چوونەتە بەغدا کەچی هانی عێراق دەدەن بودجە و مووچە و شایستە داراییەکان بۆ هەرێم نەنێرێت**

سەرجەم ئەو لایەنە سیاسییانەی فشار بۆسەر کازمی دەکەن و نەیاری حکومەتەکەین و ناخوازن کازمی بمێنێتەوە و حکومەتەکەی سەرکەوتوو بێت، دژی ڕێککەوتنەکانی کازمی و گەلی کوردستانن، تەنانەت هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی عەرەب کە پێشتر لە ٢٠١٩ لەگەڵ ئێمە بوون، زۆر سیاسەتیان گۆڕیوەو لەژێر پەردەی دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێم دژایەتی گەلی کوردستان و قەوارەکەی دەکەن. سائیرون و دەوڵەتی یاسا و عەسائیب و فەتح دەڵێن هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ هەرێمدا بکرێت، دەبێت مەرجی سزادانی تێدا بێت، واتا ئەگەر هەرێم پابەند نەبێت بە تەواوەتی بودجەی لێ ببڕن و خۆشیان لە پابەندبوون دەدزنەوە، بۆیە لەپاڵ ڕێککەوتنی حکوومی دەبێت ڕێککەوتنی سیاسیش هەبێت. لە نێوخۆی کوردستاندا دەبێت هەموو حزبە کوردستانییەکان لەپێناو بژێوی ژیانی خەڵك و مووچەخۆراندا پێکەوە جووڵەیەك بکەن، نەك وەکو ئێستا زۆر پەرلەمانتاری کورد هەن کە بە دەنگی کورد چوونەتە بەغدا کەچی هانی عێراق دەدەن بودجە و مووچە و شایستە داراییەکان بۆ هەرێم نەنێرێت، یان حزبەکەی لە حکومەتدایە، کەچی لەناو لیژنەی دارایی پەرلەمان دژی هەرێم رادەوەستێت و کار بۆ سڕینەوەی قەوارەی هەرێم دەکات. ڕێکخستنی شاندێکی سیاسی لە هەرێم بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا کە لە هەموو حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن پێکهاتبێت، کارێکی گرنگە. ئەگەر بەڕێزان سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم خۆیان راستەوخۆ لەگەڵ سەرکردە شیعەکاندا گفتوگۆ و دانیشتن نەکەن، کارێکی زەحمەتە لەنێو پەرلەماندا ڕێککەوتنەکانی حکومەت تێپەڕێندرێت. بەڕێز سەرۆك بارزانی خاوەنی پێگەیەکی بەهێزە لە نێوخۆی عێراق و ناوچەکە و نێودەوڵەتیدا، کازمیش لەگەڵ سەرۆك کوتلە سیاسییەکان دانیشتووە و لەسەر ئەم مەسەلەیە گفتوگۆی کردووە. هەروەها بەڕێز حەلبووسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لیژنەیەکی پەرلەمانی دروست کردووە بۆ نزیکبوونەوەو گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق و سەردانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمیش دەکەن و، ئەرکی ئەوان بەرزکردنەوەی راپۆرتێکە بۆ پەرلەمان بۆ دەرخستنی راستییەکان، تاوەکو ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند نەکرێتە ڕێکلام و موزایەدە کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی داهاتوودا زیاتر بووە.

*** عێراق بە وڵاتێکی ناسەقامگیر و پڕ ململانێی سیاسی دادەنرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر قووڵبوونەوەی کێشەکان و چارەسەرنەکردنیان هەیە، ئایا ململانێ سیاسییەکان و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان و دەستێوەردانی نێوخۆی هەرێم تاچەند ئەم کێشە و گرفتانەی ئاڵۆزتر کردووە؟**

- هەرچەندە عێراق بە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی نەوتی و نانەوتی دادەنرێت و خاوەنی دەرامەت و سامانێکی باشی سرووشتی و کانزایی و کشتوکاڵییە، بەڵام حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق وڵاتەکەیان کاول کردووە و نغرۆی قەیران و ململانێی توندی سیاسی و ئابوورییان کردووە، لە ئێستاشدا فشارێکی زۆر لەسەر حکومەت دروست دەکرێت، لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە، بەتایبەتی لایەنەکانی شیعە، هەروەها ئەوانەی پێیان خۆش نییە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، یان ئەو چاکسازییە جێبەجێ بکرێت، کە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە، هەموو ئەمانە هەوڵی رووخان و شکستی حکومەتەکە کازمی دەدەن. ئێمە لە عێراق خاوەنی هیچ سیستەمێکی نەختینەیی و دارایی نین و، کەرتە سەرەکییەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بەهۆی ئەو ململانێ سەختەی نێوان شیعەکان لەلایەك و شیعە و سوننە و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەمانە وایان کردووە، سەقامگیریی سیاسی لەعێراقدا بوونی نەمێنێت، لە کاتێکدا بووژانەوەی ئابووری پێویستی بە سەقامگیری هەیە، کەچی لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ململانێکان توندتر دەبن و، هەموو وتە و لێدوان و کارەکانیان بووەتە ڕێکلام و موزایەدەی سیاسی و ڕەفتاری بێ ئەنجام، لە هەمووشی خراپتر ئەو نەفەسە قین و رقەی ژمارەیەك لە پەرلەمانتاری کوردە کە بە دەنگی کورد چوونەتە بەغدا، کەچی لەپێناو رووخان و ناوزڕاندنی حکومەت زیان بە باروبژێوی مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان دەگەیەنن و، داوا دەکەن شایستە داراییەکان بۆ هەرێم نەچێت و، پێگەی هەرێم نەمێنێت و، لەسەر شاسەی

تیڤییە عەرەبییەکان دەگەڕێن بۆ ئەوەی دیمانەیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت و، دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە بکەن. لە کاتێکدا زۆر لەو پەرلەمانتارانە لێرە (بەغدا) بە خراپ باسی دۆسیێی دارایی و ئابووریی کوردستان دەکەن، کەچی حزبەکانیان لەناو حکومەتی کوردستاندا خاوەنی پۆستی دارایی و ئابووریی گرنگن و تەنانەت سەرپەرشتی دۆسیێی دارایی و چاکسازیش دەکەن، هەموومان دەزانین گەندەڵی نەك تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو عێراق بوونی هەیە و بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتریشە، واتە ئەگەر لە کوردستان بە ڕێژەی ١٢,٦٧٪ گەندەڵی هەبێت، لە عێراق بە ڕێژەی لە ٨٨٪ گەندەڵی هەیە.

*** سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ چاکسازییەکان پرۆژەی «کاغەزی سپی» ڕەوانەی پەرلەمان کرد. ئێوە وەکو لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق چۆن دەڕواننە ئەو پرۆژەیە و کارەکانی بە کوێ گەیشتووە؟**

- پرۆژەی «کاغەزی سپی» لە رووی نەزەرییەوە پلانێکی ڕێکوپێك و واقیعییە، بەڵام جێبەجێکردنی ئیرادە و پاڵپشتیی لایەنی سیاسی و حکوومی و پەرلەمانی دەوێت، بەڵام لەم بارودۆخەدا کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان دژی حکومەتن، ناتوانرێت هیچ هەنگاوێکی چاکسازی جێبەجێ بکرێت. لەلایەکی دیکەوە تا بەهای نەوت بەرز نەبێتەوە، عێراق ناتوانێت ژێرخانی ئابووریی خۆی بەهێز بکات. هەموو شارەزایانی ئابووری و چاودێرانی بارودۆخی نەوت لە سەر ئەوە کۆکن کە تا نیوەی ساڵی ٢٠٢١ شوێنەوارەکانی کۆرۆنا لە سەر ئابووریی جیهان هەر دەمێنێت و خواست لە سەر نەوت زۆر بەرز نابێتەوە و نرخی بەرمیلێك نەوت لە نێوان ٥٠ بۆ ٥٥ دۆلار دەبێت. لەلایەکی دیکەوە کێشە سیاسییەکان کاریگەریی توندیان لەسەر سەرکەوتنی جێبەجێکردنی هەر چاکسازی و گۆڕانکارییەك هەیە، خەرجییەکانی عێراق رووی لە زیادبوون کردووە، بەهۆی زیادبوونی مووچەخۆران و بڕگەکانی تایبەت بە بودجەی بەکارخستن و تەشەنەکردنی گەندەڵییەوە، تەنانەت تا ئێستا عێراق داتابەیسێکی نییە بۆ ژمارەی مووچەخۆران و ئەوانەی دوو مووچە و سێ مووچە و چوار مووچە وەردەگرن، هەروەها تەنیا ١٠٪ی داهاتی نانەوتی دەگاتە حکومەت و ئەوانی دیکە لە دەروازە سنوورییەکانەوە بەفیڕۆ دەچێت. ئێمە لە لێژنەی دارایی پەرلەمان پێشنیارێکی وەرەقەی تایبەتمان پێشکەش کرد کە ٣٤ خاڵ لە چوارچێوەی سێ تەوەرە لەخۆ دەگرێت و زیاتر پراکتیکییە وەکو ئەوەی نەزەری بێت و، دەکرێت جێبەجێ بکرێت. بەتایبەتی تەوەری یەکەم کە تایبەتە بە زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان، تەوەری دووەمیش تایبەتە بە سیاسەتی دارایی و نەختینەیی و تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە ئابووریی گشتی و دووبارە داڕشتنەوەی پەیکەری ئابووریی وڵات، جێبەجێکردنی هەموو ئەمانەش پەیوەستە بە سەقامگیریی بارودۆخی سیاسی و باش بەڕێوەبردنی مەلەفی ئابوورییەوە.

*** ئەگەر عێراق نەتوانێت لەم بارودۆخە ئاڵۆز و قەیرانە دارایی و ململانێ سیاسییەدا دەرباز بێت، پێشبینیتان بۆ ساڵی ٢٠٢١ی عێراق چییە؟**

- گەرچی عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی سامان و داهاتێکی زۆری نەوتی و نانەوتییە، بەڵام ململانێ سیاسیەکان و دەستێوەردانی دەرەکی ڕێگرە لە بەردەم جێبەجێکردنی چاکسازییەکاندا، بەبێ ئەو چاکسازییانەش مومکین نییە عێراق بتوانێت ڕووبەڕووی تەحەدییەکان ببێتەوە و کورتهێنانی بودجە و قەیرانەکانی دارایی و ئابووری بۆ چارەسەر بێت، کە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری، کۆنترۆڵکردنی میلیشیات و هێزە سیاسییەکانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە ڕێگرە لەبەردەم هەر چاکسازی و گۆڕانکارییەك کە ببێتە هۆی پێشکەوتنی وڵات، چونکە عێراقێکی لاواز و بێ بەرهەم لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە بۆ ئەوان گەلێك بەسوودە. لە ٢٠٢١ عێراق لە رووی دارایی و ئابوورییەوە بە ساڵێکی زۆر زەحمەت تێپەڕ دەبێت، بەتایبەتی لەبەر هەڵبژاردنی پێش وەختە و هەڵکشانی ململانێ سیاسییەکان و زیادبوونی دەستێوەردانە دەرەکییەکان و خراپیی دۆخی ئەمنی. بۆیە دەبێت ئێمەش سوود لەو ئەزموون و ئەگەرانە وەربگرین و پێویستە پشت بە خۆمان ببەستین و چیتر ئەوەندە پاشکەوتەی وڵاتێك نەبین کە نەفەسی دژایەتیکردنی گەلی کوردستانی تێدا زاڵە.

**حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق وڵاتەکەیان کاول کردووە و نغرۆی قەیران و ململانێی توندی سیاسی و ئابوورییان کردووە**

**تا نیوەی ساڵی ٢٠٢١ شوێنەوارەکانی کۆرۆنا لە سەر ئابووریی جیهان هەر دەمێنێت و خواست لە سەر نەوت زۆر بەرز نابێتەوە**

**تا ئێستا عێراق داتابەیسێکی نییە بۆ ژمارەی مووچەخۆران و ئەوانەی دوو مووچە و سێ مووچە و چوار مووچە وەردەگرن**

**کۆنترۆڵکردنی میلیشیات و هێزە سیاسییەکانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە ڕێگرە لەبەردەم هەر چاکسازی و گۆڕانکارییەک کە ببێتە هۆی پێشکەوتنی وڵات**



مەحموود محەمەد شاکر (مەحمووده رەش)

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان و ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# سەرکردەکانی پەکەکە زۆربەیان کورد نین و تورکن و ناشزانن بە کوردی قسە بکەن

# پەکەکە حزبێکی چەپی مارکسییە و بڕوای بە خەباتی نەتەوایەتی نییە

**پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە» لاف و گەزافی کوردایەتی لێدەدات و دروشمی وڵاتپارێزی بە لاوەکانی کوردستان دەفرۆشن، بەڵام ئەم حزبە وەك ئەندامانی خۆیان باسی دەکەن، بەشی زۆری ئەو سەرکردایەتییەی لە تورکیا هەڵاتوون و لە قەندیل خۆیان شاردۆتەوە، ئەسڵەن هەر کورد نین و تورکن و نازانن بە کوردییش قسە بکەن و، بڕواشیان بە دۆزی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان نییە، بە ئاشکراش بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، کە بڕوایان بە پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نییە، بۆ هەڵماڵینی رووی راستەقینەی پەکەکە و سیاسەتە هەڵەکانی ئەم دیدارەمان لەگەڵ مەحموود محەمەد شاکر ناسراو بە «مەحموودە رەش» سیاسەتمەداری باکووری کوردستان و ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا و، بەمجۆرە وەڵانی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ئێستا تەنیا هەرێمی کوردستان پەناهەندەیەکە بۆتە ناسنامە بۆ هەر تاکێکی کورد لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت، بەڵام چەکدارانی پەکەکە دژایەتیی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و رەتی دەکەنەوە؛ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر پەکەکە حزبێکی کوردستانییە بۆچی دژایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- بەشێوەیەکی گشتی لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا هەر مرۆڤێك نەتەوەیی و نەتەوەپەروەر و وڵاتپەروەر بێت، دەبێت بە تێڕوانینێکی نەتەوەیی و دروست بڕوانێتە پێگە و نەفەسی میللەتی کورد لە باشووری کوردستاندا، چونکە لەم بەشەی کوردستاندا ناسنامەی نەتەوەیی کورد دروست بووە، کورد بەم رێگایەدا بە هەزارەها شەهیدی داوە و راپەڕین و شۆڕشی کردووە، ئەوەش تەنیا لەپێناوی ئازادی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بووە. ئەمرۆ هەر کەس و حزب و لایەنێك بێت، ئەگەر هەڵگری هزری نەتەوەیی بێت، دەبێت پشتگیریی ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان بکات و هاوکاری چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی بێت، بەپێچەوانەوە دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان لە باشوور بە هیچ شێوەیەك خزمەتی میللەتی کورد ناکات، هەرکەسێك بخوازێت خزمەتی میللەتی کورد بکات، مادام بەشێکی کوردستان سەرکەوتووە، پێویستە پاڵپشتی ئەم سەرکەوتنە بکات و، لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشەوە چاو لەو بەشە بکەن. ئەمرۆ دوژمنانی ئێمە حەز ناکەن نێوماڵی کورد تەبا و رێك بێت، بەپێچەوانەوە دەخوازن کێشە دروست بکەن و کوردستان ئازاد نەبێت، مادام جێگایەکی خاکی ئێمە ئازاد و رزگار بووە، دەبێت ئێمە بە هەموومان خزمەتی ئەو بەشە ئازادە بکەین و بیپارێزین، لێرە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزراوە و، دەبێت پاڵپشتی و هاوکاریان بین، بۆ ئەوەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نەك دژایەتی بکەین و هەوڵ بدەین، حکومەتەکە بکەینە حکومەتێکی ژێردەستە. بەداخەوە ئەمرۆ دژایەتیی پەکەکە بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی حزبیدایە و ئەم بەرژەوەندییە کەوتۆتە پێش بەرژەوەندیی نەتەوەیی. پەکەکە لەسەر بنەما و هزری نەتەوەیی و کوردایەتی دانەمەزراوە، بەڵکو لەکۆندا حزبێك بووە لەسەر هزری چەپ دروست بووە، مەسەلەی کوردایەتییەکەشی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێناوە، حزبێکی بەم شێوەیە هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. پەکەکە ئێستا نوێنەرایەتیی کوردی تورکیاش ناکات، چونکە لەسەر بنەمای

**دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان لە باشوور بە هیچ شێوەیەک خزمەتی میللەتی کورد ناکات**

**دژایەتیی پەکەکە بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی حزبیدایە و ئەم بەرژەوەندییە کەوتۆتە پێش بەرژەوەندیی نەتەوەیی**

هزرێکی سڕینەوەی بەرامبەر دروست بووە و تەنیا بە ڕاست زانینی خۆی دەڕوانێتە پرسەکە، ئەمەش هزرێکی هەڵەیە و زیانی گەورەی بە نەتەوەی کورد گەیاندووە.

*** ئەم دوژمنایەتییەی پەکەکە بۆ هەرێمی کوردستان، هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، ئەمڕۆ پەکەکە لەپێناو ئەو بەرژەوەندییە تەسکەی خۆیدا پەیام و پیلانی دوژمنکارانەی وڵاتانی ناوچەکە جێبەجێ دەکات، ئایا تاچەند جێبەجێکردنی پەیام و پیلانی بیانی زیان بە دۆزی کورد و خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت؟**

- نەك پەکەکە هەر کەس و لایەن و هێزێك دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان بێت و گرفت و کێشەی بۆ دروست بکات، خزمەتی هێزی داگیرکەری تورك و فارس و عەرەب دەکات، چونکە ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانە ناخوازن هەرێمی کوردستان بەهێز بێت، بۆیە بەردەوام دوژمنایەتی دەکەن، بۆ گەیشتن بەم ڕاستییە هیچ پێویست بە شارەزایی و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی ورد ناکات، دوژمنی ئێمە و ئامانجەکەی دیار و ڕوونە، ئەوان ناخوازن کوردستان ئازاد بێت.

*** ئاشکرایە پەکەکە دەمێکە لە هێڵی نەتەوەیی لایداوە و بانگەشە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکات، بەم بیانووەشەوە ئاشکرایە دژایەتیی چەمکی دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان دەکات؛ ئێوە خۆشتان دەزانن هەموو لاوەکانی کورد لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان چەك دەکەنە شانیان و خەبات دەکەن؛ ئایا پەکەکە لەپێناو چیدا ئەم هەموو لاوەی کورد بە کوشت دەدات، لە کاتێکدا بەئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئامانجی ئەو ڕزگارکردنی کوردستان نییە؟**

- پەکەکە لە سەر ئایدیۆلۆژیەتی چەپ دروست بووە، ڕاستە لە دەستپێکی کارکردنیدا پەکەکە بە بەرنامەی نەتەوەیی دەستی پێکرد، تەنانەت لە یەکەم بەندی ئەو بەرنامەیەدا باسی لە (کوردستانێکی دیموکرات و ئازاد و سەربەخۆ) کردووە، هەموو گەریلاکانیش لەسەر ئەو بنەمایە خزمەتێکی زۆری پەکەکەیان کردو، بە سەدان قوربانی و شەهیدیان دا، کەچی ئەمڕۆ پەکەکە لە هێڵە نەتەوەییەکەی دوور کەوتۆتەوە، هەر بۆیە لاواز دەردەکەوێت، چونکە دواجار دوورکەوتنەوە لەو هێڵە نەتەوەییە دەبێتە هۆی نەمانی پەکەکە، تەنانەت هاوکارییەکانی کوردانی ئەورووپاش ڕوو لەکەمی دەکات، چونکە دواجار ئەگەر ئامانج لە شۆڕشی چەکداری و سیاسی بۆ ئاوەدانکردنەوە و ئازادکردنی کوردستان و لە سەر فکری نەتەوەیی نەبێت، لاوەکان چ پێویست دەکات ئەو هەموو قوربانییە و هاوکارییە بدەن؟ ئەم حاڵەتە لە هەرسێ بەشەکەی دیکەی کوردستانیش هەروایە، پەکەکە بە دوورکەوتنەوە لە هێڵە نەتەوەییەکەوە چیتر ناتوانێت خەڵکی باکوور هەڵبخڵەتێنێت و لە دەوری کۆببنەوە و بە کوشتیان بدات، لە کاتێکدا هەموو خەبات و شۆڕشەکەی بۆ کوردستان نەبێت و تەنیا بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و حزبی کار بکەن و زیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بگەیەنن.

*** لە کاتێکدا چەکدارانی پەکەکە توانای ئەوەیان نییە تەنیا گوندێکی باکووری کوردستان ئازاد بکەن و، سەرکردایەتیی خۆیانی لێ دابمەزرێنن و لە جەماوەرەکەی خۆیان نزیك بن، کەچی لەسەر سنوورەکان بۆ ئاژاوە و ڕاپێچکردنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و زیانگەیاندن بە ئاوایییەکانی هەرێم شەڕەکەی خۆیان گواستۆتەوە بۆ نێوخۆی هەرێمی کوردستان؛ پرسیار ئەوەیە ئەگەر چەکدارانی پەکەکە ئەوەندە جوامێرن، بۆچی ناگەڕێنەوە باکوور و لە دژی سوپای تورکیا شەڕ بکەن؟**

- پەکەکە لە٤٠ ساڵی ڕابردوودا تەنانەت نەیتوانیوە گوندێکی باکووری کوردستان ئازاد بکات، ڕاستە لە دەرسیم و چەند شوێنێکی دیکە بە نهێنی پەکەکە بوونیان هەیە، بەڵام لەوێش نەیانتوانیوە کاریگەر بن و سوود بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد بگەیەنن، ئەوان هێزی چەکداری خۆیان لەو ناوچانە بڵاو کردووەتەوە کە لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان کە ئازاد کراوە، پەکەکە بەپێچەوانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەجووڵێتەوە. بۆ نموونە بۆ هاوکاریکردنی کوردانی ڕۆژئاوا پێشمەرگە چووە کۆبانێ و شەڕی کردو کۆبانێ و خەڵکەکەی لەدەستی داعش ڕزگار کرد، دواتر کە کاری نەما کشایەوە و ئەرکە نەتەوەییەکەی خۆی بەرامبەر کوردانی ڕۆژئاوا جێبەجێ کرد، بەڵام بەداخەوە پەکەکە بە جیاواز و هەڵە ڕەفتار دەکات و بچێتە هەر شوێنێك دەڵێت ئەمە شوێنی منە و داگیری دەکات، هەروەکو چۆن لە شنگال ڕووی دا و بە موڵکی خۆی دەزانێت، لە کاتێکدا ئەمە وڵاتێکە و سیستەمی خۆی هەیە و، کوردان لەم بەشەدا نوێنەران و هێزی سەربازیی خۆیان هەیە کە پێشمەرگەیە، پەکەکە لەبری ئەوەی پشتگیریی ئەو سیستەمە بکات و پاڵپشتی دامەزراوەکانی بکات، تێکی دەدات، هەر بۆیە ئەمڕۆ پەکەکە لەبەردەم پرسیارێکی مێژوویيدایە: ئایا بۆچی ئەم بەشە ئازادەی کوردستانی باشوور وێران دەکەیت و ئاژاوە و ناسەقامگیریی بۆ دروست

**پەکەکە ئێستا نوێنەرایەتیی کوردی تورکیاش ناکات، چونکە لەسەر بنەمای هزرێکی سڕینەوەی بەرامبەر دروست بووە**

**هەر کەس و لایەن و هێزێک دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان بێت و گرفت و کێشەی بۆ دروست بکات، خزمەتی هێزی داگیرکەری تورک و فارس و عەرەب دەکات**

**پەکەکە بە جیاواز و هەڵە ڕەفتار دەکات و بچێتە هەر شوێنێک دەڵێت ئەمە شوێنی منە و داگیری دەکات، هەروەکو چۆن لە شنگال ڕووی دا و بە موڵکی خۆی دەزانێت**

**لە قەندیل گرووپی ئەنقەرە هەیە، کە هیچ باوەڕیان بە فکری نەتەوەیی کورد نییە و پیر بوون و ئامادە نین دەسەڵات بدەنە لاوەکان**

دەکەیت؟ لە کاتێکدا وا پێویست بوو پەکەکە وڵاتپارێز بن و بە نهێنی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی هەبێت، کەچی کار لەگەڵ نەیارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و ئەجیندەی دەرەکی جێبەجێ دەکەن، خۆ ئەگەر لە داهاتوودا لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایەك ئەنجام بدرێت، لەسەر ئەو کارە نایاسایی و خراپانەی پەکەکە دەرهەق بە خەڵکی دەیکات، زیانێکی گەورە بە گەلی کورد دەکەوێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە سەرکردایەتیی ئێستای پەکەکە لە قەندیل هەر کورد نین و ئەجیندەی چەپی تورکچێتی تەبەنی دەکەن، لەمەش زیاتر هاوکاریی دەزگاکانی هەواڵگریی ئیقلیمی دەکەن بۆ دژایەتیکردنی کوردستان، راوبۆچوونتان لەسەر سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل چۆنە؟**

- سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل زۆربەیان کورد نین و فێری زمانی کوردیش نەبوون. بۆ نموونە دۆران قاڵقان کورد نین و بەکوردی قسە ناکەن، قەرەسوو کەمال پیرپا و هەقی قارا کە لە قەندیل کوژران ئەوانیش کورد نەبوون، تەنانەت لە قەندیل گرووپی ئەنقەرە هەیە، کە هیچ باوەڕیان بە فکرەی نەتەوەیی کورد نییە و پیر بوون و ئامادە نین دەسەڵات بدەنە لاوەکان و هەر چوار ساڵ جارێك بگۆڕدرێن، هەموو ئەو تورکانەی قەندیل لە خزمەتی کوردایەتی نەبوون، بەڵکو لە خزمەتی چەپی تورکچێتی بوون، بۆیە بە کوردی قسە ناکەن و، لە بەرنامەی ئەوان هزری نەتەوەیی کورد نییە، لە کاتێکدا گەنجە کوردەکانی ناو پەکەکە دەیانەوێت لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و رزگاری کوردستان و لە ژێر ئاڵای کوردستاندا خەبات بکەن و هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی پرسی کورد بە رێگای دیالۆگ و سیاسی بنێن. ئەمڕۆ ئەرك و کاری سەرەکیی ئەوان خزمەتکردنی گەلی کورد و پاراستنی ئەم بەشەی هەرێمی کوردستانە کە موڵکی تەنیا حزبێك نییە، بەڵکو موڵکی هەموو نەتەوەی کوردە و ناسنامەی کوردە، بەداخەوە سەرکردایەتیی پەکەکە لەسەر ئەو فکر و ئایدیۆلۆژیا چەپی تورکچێتییە بەردەوامە و دەرئەنجامەکەی لاوازبوونی پێگەی کوردە لە باکووری کوردستان.

*** یەکێك لە رەفتارەکانی پەکەکە کە زۆر نامۆیە بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، رفاندنی منداڵی کچ و کوڕی کوردە کە چەکداریان دەکات و، رێگە نادات کەسوکاریان بیانبینێ. ئایا ئەم رەفتارەی پەکەکە لە رفاندنی منداڵەکان لە چ تیورێکی شۆڕشگێڕیدا جێگای دەبێتەوە؟**

- رفاندنی منداڵی کوڕ و کچ و چەکدارکردنیان هەڵەیەکی گەورەیە، بەتایبەتی بەبێ ویستی باوکیان، یاسایەکی نێودەوڵەتی هەیە کە نابێت لە تەمەنی ١٨ ساڵ کەمتر چەکدار هەبێت، پەکەکە پابەندی هیچ یاسا و رێسایەکی نێودەوڵەتی نییە هەر ئەمەشە وایکردووە پەکەکە بکرێتە هێزێکی تیرۆریست و ئەمەش تەنیا زیان بە پەکەکە ناگەیەنێت، بەڵکو زیان بە هەموو کورد دەگەیەنێت. ناکرێت لاوەکانمان بۆ چوونە ناو ریزی گەریلاوە ببنە قوربانیی رێگای چوون و نەهاتن، پێویستە رێگای چوون و هاتن بێت.

*** لەم کاتەدا کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گەورەترین وەرچەرخان تێپەر دەبێت، تەبایی و یەکڕیزیی نێوان کوردان لە هەموو شتێك گرنگترە، بەڵام پەکەکە وەکو داردەستی دەوڵەتانی داگیرکەر ئەو یەکڕیزییە تێك دەدات و خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات.پرسیار ئەوەیە بۆ لەم کاتەدا پەکەکە دژایەتی هەرێمی کوردستان دەکات و شەڕی پێ دەفرۆشێت؟**


- پێویستە پەکەکە و هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەم هەلە لەدەست نەدەن و یەکڕیزیی و یەکدەنگی نێوماڵی کورد بپارێزن. هەر کاتێك میللەتی کورد یەکڕیز و تەبا بوون، سەرکەوتوون، ئەو گۆڕانکارییانەی لەدنیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روویداوە، وا پێویست دەکات هەموو کورد یەکڕیز بن. هەر کەسێك دەستی لە تێکدانی ئەمە هەبێت، ئەوا خزمەتی دوژمن و داگیرکەرانی کورد دەکات. پێویستە هەمووان بە کار و فکر و رەفتاری خۆی خزمەتی یەکڕیزی و یەکدەنگی بکەن. بێگومان بە کاری تیرۆری ناگەینە ئەنجام، سەرۆك بارزانی شەڕی ناوخۆی کوردی حەرام کرد، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو، کەچی پەکەکە ئەم مەسەلەیان قۆزتەوە و لە هەڵەکانیان بەردەوامن و هێرشیان کردە سەر حکومەتی هەرێم و تەنانەت پێشمەرگەیان شەهید کرد. پیلانێکی گەورە هەبوو بۆ ئەوەی لە رێگەی شەڕی نێوخۆوە پێگەی کورد لاواز بکرێت، سەرۆك بارزانی لە رێگەی حەرامکردنی شەڕی ناوخۆ و هەوڵەکانی ئەو پیلانەی تێکدا. ئەمڕۆ میللەتی کورد رۆڵ و پێگەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و پیلان و فکرەی شەڕی ناوخۆ و هیچ سەرکێشییەك سەرناگرێت و باشووری کوردستان بە پێشمەرگەو پەرلەمان و حکومەت دێتە ناسین و ئەگەر هەوڵی ئاژاوە و شەڕیش بدەن، سەرکەوتن بەدەست ناهێنن و جگە لە فکرەی نەتەوەیی کورد هیچ فکرەیەکی دیکە سەرناگرێت.

**گەنجە کوردەکانی ناو پەکەکە دەیانەوێت لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و رزگاری کوردستان و لە ژێر ئاڵای کوردستاندا خەبات بکەن**

**پەکەکە پابەندی هیچ یاسا و رێسایەکی نێودەوڵەتی نییە هەر ئەمەشە وایکردووە پەکەکە بکرێتە هێزێکی تیرۆریست**

**سەرۆک بارزانی شەڕی ناوخۆی کوردی حەرام کرد، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو، کەچی پەکەکە ئەم مەسەلەیان قۆزتەوە و لە هەڵەکانیان بەردەوامن و هێرشیان کردە سەر حکومەتی هەرێم و تەنانەت پێشمەرگەیان شەهید کرد**

**کورد رۆڵ و پێگەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و پیلان و فکرەی شەڕی ناوخۆ و هیچ سەرکێشییەک سەرناگرێت**




بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان و پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان

# بارودۆخی ئێستا و فاکتەرە ئاشکرا و شاراوەکان



د.ساحیب قارەمان
بۆ گوڵان نووسیویەتی




**«ئەمە چ سەر لێ شێوانێکە یاری بە وشە بکەیت و پشت لە لۆژیک و ئەقڵانییەت بکەیت»؟**

**ئیدوارد دیمینگ– نووسەری کتێبی «دەرچوون لە تەنگژە»**

ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێ، تەنیا خۆپیشاندانێکی مەدەنییانە و ناڕەزایی توێژێك، یان چینێکی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو بەرەنجامی موجامەلەی حزبی و هاوپەیمانیی شلۆق و چارەسەری کورت مەودایە بۆ سەرجەم ئەو کێشانەی لە کوردستان هەن، کە ئێستا هەر یەکەیان بوونەتە تەنگژەیەك، بۆیە ئەگەر لێرەوە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئایا کێشە و تەنگژەکانمان چۆن دەستنیشان بکەین و تێیان پەڕێنین؟ ئەوا ئیداوارد دیمینگ لەو ١٤ خاڵەی لە کتێبی «دەرچوون لە تەنگژە . Out of Crisis » زۆر باش بە دووخاڵ وەڵاممان دەداتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- رتکردنەوە و رێگرتن لە چارەسەری کورت مەودا.

٢- ناساندنی تەواوی ناسنامەی کێشە و تەنگژەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ کۆی فاکتەرە ئاشکرا و شاراوەکان.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر ناساندنی تەواوی ناسنامەی (خۆپیشاندانەکانی ئێستای کوردستان) و بپرسین: ئایا زەمینەی لەبار و رەوایەتی بۆ ئەم خۆپیشاندانانە هەن؟ ئەوا بۆ ئەوەی سەر لە خۆمان نەشێوێنین و بەپێی لۆژیك و ئەقڵانیەت وەڵامی بدەینەوە، دەبێت بڵێین: بەڵێ، خۆپیشاندانەکان وەك مافێکی رەوای خەڵك، دەرهاویشتەی ئەو تەنگژە ئابوورییانەن کە ئێستا بەهۆی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوتەوە رووبەڕووی کوردستان و عێراق و تەواوی جیهان بۆتەوە، ئەمەش زەمینەیەکی رەخساندووە کە مووچەخۆران بۆ داواکردنی مووچەکانیان خۆپیشاندان بکەن، لەبەرامبەریشدا حکومەتی ئێستای کوردستان کە بەرهەمی هاوپەیمانیی هەرسێ حزب (پارتی و گۆڕان و یەکێتی)یە، جیا لەوەی هاوپەیمانییەکی تۆکمەی ئەوتۆ نییە کە بتوانن پێکەوە بەرپرسیاریەتی بخەنە سەر شانی خۆیان و وەك یەك تیم هەموو هەوڵەکانیان یەك بخەن، بۆ وەڵامدانەوەی تەنگژەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ هەر یەکەیان، لە هەمانکاتدا، هەر دوولایەنی «گۆڕان و یەکێتی» بە شێوەیەکی پراکتیکی سیاسەتێکی دووفاقی پیادە دەکەن و وەك دەڵێن بە رۆژ لە حکومەت بەشدارن و بە شەویش لەسەر شاشەی تیڤی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئۆپۆزسیۆنن، ئەم حاڵەتە ئەدای حکومەتی لاواز کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کێشەکان بکات، لە هەمانکاتدا جۆرێك لە ناسەقامگیریی سیاسی دروست کردووە، کە ئەمیش بۆتە دەروازەیەکی باش بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی دەستتێوەردان بکرێت و، ژینگەی خۆپیشاندانە مەدەنییەکانی مامۆستیان لەلایەن ئەکتەرە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە بقۆزرێتەوە و لە ژێر پەردەی خۆپیشاندانداندا کاری ئاژاوەگێڕی و تێکدان و سووتاندنی بارەگای حزبەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەتی لێ بکەوێتەوە و، مەترسییەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەفتەی رابردوو بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بڵێت: «ئێستا مەترسیی بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی دووبەرەی دروست کردووە، بەرەیەکیان ئامانجیان ئەوەیە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بڕووخێنن و بەرەیەکی دیکەش بەرگری لە مانەوە و پاراستنی ئەو قەوارە سیاسییە دەکەن».

**ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێ، تەنیا خۆپیشاندانێکی مەدەنییانە و ناڕەزایی توێژێك، یان چینێکی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو بەرەنجامی موجامەلەی حزبی و هاوپەیمانیی شلۆق و چارەسەری کورت مەودایە بۆ سەرجەم ئەو کێشانەی لە کوردستان هەن**

**هەر دوولایەنی «گۆڕان و یەکێتی» بە شێوەیەکی پراکتیکی سیاسەتێکی دووفاقی پیادە دەکەن و وەک دەڵێن بە رۆژ لە حکومەت بەشدارن و بە شەویش لەسەر شاشەی تیڤی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئۆپۆزسیۆنن، ئەم حاڵەتە ئەدای حکومەتی لاواز کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کێشەکان بکات**

ئەم پەیامەی سەرۆك وەزیرانی كوردستان جێگەی هەڵوەستە لەسەركردنە، لەبەر ئەوەی وەك دەوڵەتمەدارێك دەیەوێت لە پەیامێكی راشكاوانە و بە لۆژیكی ئەقڵانیەت لەگەڵ گەلەكەی خۆی قسە بكات و راستییەكانیان بۆ ئاشكرا بكات، لەمەش زیاتر سەرۆك وەزیرانی كوردستان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی كە ئەم هاوپەیمانییە شلۆقەی (پارتی و یەكێتی و گۆڕان) بۆ پێكهێنانی كابینەی نۆیەم، ئەگەر هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە و گۆڕانكاری بەسەردا نەیێت و، ئەدای حكومەت بەو ئاستە ئەكتیڤ نەبێت كە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ تەنگژەكان بكات، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە بەردەوام بێت و، لەمەش زیاتر دەبێت گەلی كوردستان راشكاوانە راستییەكانیان پێ بگوترێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر هەموو پێكەوە نەجووڵێین و شانی نەدەینە بەر، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەم بارودۆخە سەخت و ناسەقامگیرە تێپەڕێنین.

ئەوەی لەم بارودۆخەدا هەستی پێ دەكرێت، هەوڵەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانە، كە هەفتەی رابردوو بە فەرمی سەردانی مەكتەبی سیاسیی یەكێتی نیشتمانی كوردستان و مەكۆی سەرەكیی بزووتنەوەی گۆڕانی كرد و، زەمینەی كۆبوونەوەیەكی سێ قۆڵی لە بە سەرپەرشتی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان رەخساند، ئەوەی لەو كۆبوونەوەیەش تێبینی كراوە، بە زمانێكی زۆر راشكاوانە باس لە میكانیزمی دوو پرسی زۆر گرنگ كراوە، كە بریتین لە:

١- بەهێزكردنی ئەدای حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەمەش بەو مانایەی ئەو ئیزدواجیەتی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆزن لە رەفتاری «گۆڕان و یەكێتی» لەناو پرۆسەی حوكمڕانی كوردستاندا كۆتایی پێ بهێندرێت.

٢- بارودۆخەكە سەختە و پێویستی بە یەكڕیزیی تەواوی لایەنە سیاسیەكانی كوردستان هەیە (بە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكان)یشەوە، بۆ ئەوەی بە یەكدەنگی و لە چوارچێوەی شاندێكی سیاسیدا سەردانی بەغدا بكەن و رێككەوتنێكی كۆنكرێتی لەگەڵ حكومەتی بەغدا ئەنجام بدەن و، رێگە چارەیەك بۆ بژێوی خەڵكی كوردستان دابین بكەن.

ئەم هەوڵانە لەگەڵ ئەوەی كورد گوتەنی «تا ئێستا هیچی لێ شین نەبووە»، بەڵام دەكرێت بە جۆرێك لە گەشبینی سەیری بكەین، لەبەر ئەوەی وەك دیمینگ ئاماژەی پێ كردووە «وەرچەرخانێك دروست بووە لە یاریكردن بە وشەوە بۆ پشتبەستن بە لۆژیك و ئەقڵانییەت»، ئەم وەرچەرخانە ناكرێت سازشی لەسەر بكرێت، ئەوجا ئاكامەكەی هەر شتێك بێت. ئەگەر سازش بكرێت و دیسانەوە بگەڕێینەوە بۆ یاریكردن بەو شە و چارەسەری كاتی و پینە و پەڕۆ، ئەوا نەك ناتوانین ئەم تەنگژانەی ئێستا تێپەڕێنین، بگرە دەرگای چەندین ئەگەری نەخوازراو بە رووی هەمواندا دەكاتەوە، كە پاشان چارەسەرەكەی چاوەڕوانكراو نابێت.

### ● دەستنیشانكردنی تەواوی تەنگژەكە كاراكتەرە شاراوەكانی پشتەوەی

ئایا دەستە شاراوەكانی گۆڕینی خۆپیشاندانێكی مەدەنییانە بۆ توندوتیژی و پاشاگەردانی و كوشتن و سوتاندنی بارەگای حزب و دامەزراوەكانی حكومەت كێن؟ وەڵامی سادە بۆ ئەم پرسیارە، قۆستنەوەی خۆپیشاندانەكانە لەلایەن هێزی ناوخۆ و دەرەكییەوە.

ئەوجا ئەگەر لێرەدا پۆلێنێك بۆ هێزە دەرەكی و ناوخۆییەكان بكەین و بپرسین: هەر یەك لەم هێزانە كێن؟ ئەوە دەكرێت پۆلێنەكە بەم شێوە بخەینە روو:

### ● هیزە ناوخۆییەكان كێن؟

هێزە ناوخۆییەكان یەك كەس و دوو كەس و گرووپێك و دووان نین، بەڵكو كۆمەڵێك كەس و گرووپن كە هەر یەكەیان بەرژەوەندیی خۆیان لە ناسەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی كوردستاندا دەبیننەوە، ئەوانیش بریتین لە :

«گرووپێك كە دەستیان لەگەڵ عێراق تێكەڵ كردووە و رۆژانە بە ئاشكرا دژایەتیی هەموو بەرژەوەندییەكی هەرێمی كوردستان دەكەن، هەروەها ئەو گرووپانەی كە لە هەناوی ناسەقامگیری حزبە سیاسییەكانی بەشدار لە حكومەت (یەكێتی و گۆران) هاتوونە دەرەوە و هەوڵەكانیان بۆ تێكدانی سەقامگیریی كوردستانە، بەشێكی دیكەیان پەیوەستە بە

**بارودۆخەكە سەختە و پێویستی بە یەكڕیزیی تەواوی لایەنە سیاسیەكانی كوردستان هەیە (بە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكان)یشەوە، بۆ ئەوەی بە یەكدەنگی و لە چوارچێوەی شاندێكی سیاسیدا سەردانی بەغدا بكەن**

**گرووپێك كە دەستیان لەگەڵ عێراق تێكەڵ كردووە و رۆژانە بە ئاشكرا دژایەتیی هەموو بەرژەوەندییەكی هەرێمی كوردستان دەكەن، هەروەها ئەو گرووپانەی كە لە هەناوی ناسەقامگیری حزبە سیاسییەكانی بەشدار لە حكومەت (یەكێتی و گۆران) هاتوونە دەرەوە و هەوڵەكانیان بۆ تێكدانی سەقامگیریی كوردستانە**

**خۆپیشاندانەكان وەک مافێكی رەوای خەڵک، دەرهاویشتەی ئەو تەنگژە ئابوورییانەن كە ئێستا بەهۆی پەتای كۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوتەوە رووبەڕووی كوردستان و عێراق و تەواوی جیهان بۆتەوە**

حاڵەتی سەرلێتێکچوویی پەکەکەوە کە ئەویش بە ئاشکرا شەڕ بە هەرێمی کوردستان دەفرۆشێت و دەیەوێت ئەم قەوارە سیاسییە نەمێنێت.

- **هێزە دەرەکییەکان کێن؟**

هێزە دەرەکییەکانیش زۆرن، هەر لە خودی دەوڵەتی ئێستای عێراقەوە تا دەگاتە دەوڵەتانی هەرێمی و هەندێك دەستتێوەردانی نێودەوڵەتییش، ئاشکرایە حکومەتی عێراق بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدایە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان بە ئاستێك بچووك بکاتەوە، هەتا ئەگەر بۆی بکرێت، ئەم قەوارەیە هەر نەمێنێت.

لێرەدا ئەگەر بپرسین: ئایا هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە چ شێوازێك کارلێك لەگەڵ ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە دەکەن و بە چ هۆکار و میکانیزمێك رۆڵی خۆیان راڤە دەکەن؟ ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بەوەیە کە لەسەر هەموو ئاستەکانی (راگەیاندن، دارایی، سەربازی، تابوری پێنجەم و.. هتد) دیراسەتی ورد بکرێن، و بڕیار و هەنگاوی پێویستی لەبەرامبەر بگیرێتەبەر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر دیراسەتی هەموو ئەم لایەنانە نەکەین ناتوانین پلانی دروست بۆ هەر یەکەیان بگرینەبەر، ناشتوانین لەگەڵ هەر لایەکیان بە دروستی مامەڵە بکەین و سنوورێکی بۆ دابنێین.

- **بەڕێوەبردنی تەنگژە و دروستکردنی وەرچەرخان لە ناو تەنگژەدا**

بەڕێوەبردنی تەنگژە و قەیران و دروستکردنی وەرچەرخان لەناو تەنگژەدا، بەشێکی گرنگی زانستی سیاسەتی ئاسایش و بەرگرین و لەسەر بنەمای مەنهەجیەتی شیکاری بەڕێوە دەچێت و، شیکاریی تەنگژە و قەیرانەکان دەکات، ئێستا ئەم زانستە لە کۆلێژەکانی ئاسایش و بەرگری و هەروەها بەشێك لە کۆلێژە مەدەنییەکانیش دەخوێندرێت.

لێرەوە ئەگەر خۆپیشاندانیش وەك دەرهاویشتەی تەنگژەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بخوێنینەوە، ئەوا ئاشکرایە خۆپیشاندان بۆ دوو ئامانج دەکرێت، ئامانجێکیان خۆپیشاندانی چینێك، یان توێژێکی کۆمەڵگەیە و کۆمەڵێك داواکاریی تایبەتیان هەیە و، بە بەدیهێنانی ئەو داواکارییانە خۆپیشاندانەکانیش کۆتاییان پێ دێت، ئەوی دووەمیان خۆپیشاندانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، ئەوجا ئەگەر لەسەر بنەمای زانستی سەیری خۆپیشاندانی سیاسی بکەین، ئەوا سەرەتا لە خۆپیشاندانێکی داواکاریی چینێك، یان توێژێکەوە دەست پێ دەکات و، پاشان تەشەنە دەکات بۆ قۆناخی ناوەند و ئەوجا قۆناخی کۆتایی، بۆیە کاتێك شێواز و ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەوە دەستنیشان کرا کە ئەمە خۆپیشاندانی داواکاریی چینێك، یان توێژێك نییە و، لە پشتەوە هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی بگۆڕێت بۆ خۆپیشاندانێکی سیاسی، ئەوا دەبێت پێشبینی و مەزندەکردن لەسەر بنەمای ئەزموونی ئەم زانستە بۆ هەر سێ قۆناخەکە بکرێت، ئەگەر لەم ئاراستەیەوە سەیری خۆپیشاندانەکانی ئێستای کوردستان بکەین، ئاشکرایە لە سەرەتادا بە خۆپیشاندانی مامۆستایان بۆ داواکاریی مووچە دەستی پێ کرد، بەڵام ئەم خۆپیشاندانانە وەرچەرخانێکی نەرێنیی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەمە پێمان دەڵێت، ئەم خۆپیشاندانانە خۆپیشاندانی فەرمانبەران نییە بۆ مووچە و، بە پێدانی مووچەش کۆتایی پێ نایەت و، دەبێت خوێندنەوەیەکی زانستی و دروست بۆ واقیعە سیاسییەکە بکرێت و، هەڵوەستە لەسەر ئەو فاکتەرانە بکەین کە بارودۆخێکی لەباری بۆ ئەو ناسەقامگیرییە دروست کردووە، راشکاوانەش دەبێت بڵێین: ئەو کۆمەڵە تەنگژەیەی ئەمڕۆ لە هەرێمدا هەمانن، بەپلەی یەکەم پەیوەستن بە تەنگژەی بەشداریی حزبەکان لە حکومەت، کە ناتوانن یان نایانەوێت وەك بەشێك لە حکومەت رەفتار بکەن، ئەم حاڵەتە تەنگژەیەکی دیکەی دروست کردووە، کە حکومەت نەتوانێت لە ئەدای حوکمڕانیی خۆیدا کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان هەبێت، هەروەها ئەم دۆخە ئانارامەش زەمینەی بۆ دەستتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی خۆش کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی چوار دەورمان مینڕێژ بکەن و بۆمبی کاتی لە ناوخۆدا دروست بکەن و، هەر کاتێك بیانەوێت ئەو بۆمبانە بتەقێننەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئاراستەی شیکردنەوە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین: هۆکاری ئەم تەنگژانە تەنیا پرسی مووچە نییە، بەڵکو کۆمەڵێك سیناریۆن کە

**حکومەتی عێراق بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدایە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان بە ئاستێک بچووک بکاتەوە، هەتا ئەگەر بۆی بکرێت، ئەم قەوارەیە هەر نەمێنێت**

**بەڕێوەبردنی تەنگژە و قەیران و دروستکردنی وەرچەرخان لەناو تەنگژەدا، بەشێکی گرنگی زانستی سیاسەتی ئاسایش و بەرگرین و لەسەر بنەمای مەنهەجیەتی شیکاری بەڕێوە دەچێت**

**ئەو کۆمەڵە تەنگژەیەی ئەمڕۆ لە هەرێمدا هەمانن، بەپلەی یەکەم پەیوەستن بە تەنگژەی بەشداریی حزبەکان لە حکومەت، کە ناتوانن یان نایانەوێت وەک بەشێک لە حکومەت رەفتار بکەن**

تۆڕێکیان دروست کردووە و، ئەم تۆڕەش دەیەوێت دەست و پێی حکومەت ببەستێت و، ڕێگەی نەدات ئەدایەکی دروستی هەبێت و، بتوانێت بەشێوەیەکی دروست تەنگژەکان بەڕێوە بەرێت و وەرچەرخان لەناو تەنگژەکاندا دروست بکات.

لەناو ئەو ژینگە ئاڵۆزەی کە جۆرێك لە ناسەقامگیریی سیاسیی دروست کردووە، بوونی چەکدارانی پەکەکە، نەك هەر تەنگژە، بەڵکو سەرەتانێکە تووشی بووین، هەتا پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بمێنێت، هەڕەشەی گەورەتر لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست دەکات، هۆکاری سەرەکییش بۆ ڕێگرتن لەم هەڕەشەیە، ئەوەیە کە هەرسێ حزبی سەرەکی (گۆڕان و یەکێتی و پارتی) هەڵوێستێکی هاوبەشی ئەوتۆیان نییە کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بۆ ئەوەی سنورێك بۆ پەکەکە دابنرێت، یان پشتگیری حکومەت بن، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بە دروستی چارەسەر بکات، لەم خۆپیشاندانانەی ئێستای کوردستانیشدا، پەکەکە فاکتەری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو توندوتیژی و سووتاندنی بارەگا حزبییەکان و سووتاندنی دامەزراوە حکوومیەکانی هەرێم بەرێت. هەر بۆیە کێشەی پەکەکە دەبێت بە جددی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ کێشەی پەکەکە بدۆزێتەوە، کە دەبێت ئەم خاڵانە لە خۆی بگرێت:

١- دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵبدات بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەمپی تایبەت بۆ ئەندام و چەکدارانی پەکەکە لە شوێنکی کوردستان بکاتەوە و، نابێت بوونی ئێستای پەکەکە بەو شێوەی ئێستا قبووڵ بکرێت.

٢- دوای نیشتەجێکردنیان لە کەمپەکان، گرنگە حکومەتی هەرێم بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاسانکاری بۆ ئەوانە بکات کە دەیانەوێت بچنە دەرەوەی وڵات وەك پەنابەر.

٣- چەکدارانی پەکەکە ئێستا لە بەشێکی گوندە سنوورییەکانی کوردستان بوونیان هەیە و، لەو ناوچانە خۆیان بە دەسەڵاتدار دەزانن و ئیعتوبار بۆ دامەزراوە حکوومییەکان دانانێن، بۆیە گرنگە بوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە زیاد بکرێت و، چەکدارانی پەکەکە لەو گوندانە دوور بخاتەوە، بۆ ئەوەی دەستی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان بگاتە ئەو گوندانەش.

ئەم پرسە جددییە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ چارەسەری بکات، بەڵام بە هۆی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی لە هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) هەیە، ئەمە هەڕەشە جددییە وەك کێشەی نێوان «پارتی و پەکەکە» دەردەکەوێت و، لە بنەڕەتیشدا هەڕەشەی پەکەکە بۆ سەر تەواوی قەوارەی هەرێمی کوردستان و کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستانە.

چەکدارانی پەکەکە ئێستا لە بەشێکی گوندە سنوورییەکانی کوردستان بوونیان هەیە و، لەو ناوچانە خۆیان بە دەسەڵاتدار دەزانن و ئیعتوبار بۆ دامەزراوە حکوومییەکان دانانێن

بە هۆی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی لە هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) هەیە، ئەمە هەڕەشە جددییە وەک کێشەی نێوان «پارتی و پەکەکە» دەردەکەوێت و، لە بنەڕەتیشدا هەڕەشەی پەکەکە بۆ سەر تەواوی قەوارەی هەرێمی کوردستان و کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستانە

### نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کاریگەرییەکانی لەسەر کێشەکانی هەرێم و عێراق

ئەگەر سەیری تابلۆی کۆی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراق بکەین، لەناو ئەم تابلۆیە وا دەردەکەوێت، کە کێشەی نێوان هەرێم و عێراق، تەنیا پرسی مووچەی فەرمانبەرانە و، هەموو کێشەکانی دیکە وەك جێبەجێکردنی دەستوور و ئاساییکردنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەپێی ماددەی ١٤٠، پرسی پێشمەرگە، مووچەی شەهیدان و کەسوکاری ئەنفال و زیندانیانی سیاسی (کە پێویستە لەسەر بودجەی حاکمە خەرج بکرێت) و، چەندین کێشەی هەڵواسراوی دیکەی کوردستان و عێراق، هەموو چارەسەر کراون و هیچ کێشەیەکی دیکە «بێجگە لە مووچە» لە نێوان هەرێم و عێراق بوونی نییە.

لەلایەکی دیکەوە نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا، بۆتە هۆکاری ئەوەی حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی ئینتقائیانە یاری بە بڕگەکانی دەستووری عێراق بکات لەمامەڵە کردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بۆیە ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین: دەستووری عێراق بە شێوەیەك لەلایەن عێراقەوە ژێرپێ خراوە، کە ناتوانرێت بیر لەوە بکرێتەوە لە چوارچێوەی ئەو

ئەم دۆخە نائارامەش زەمینەی بۆ دەستتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی خۆش کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی چوار دەورمان مینرێژ بکەن و بۆمبی کاتی لە ناوخۆدا دروست بکەن و، هەر کاتێک بیانەوێت ئەو بۆمبانە بتەقێننەوە

دەستوورە ڕێك بخرێتەوە، لەمەش خراپتر غیابی دەستوور بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، کەشێکی دروست کردووە کە متمانە بە هیچ جۆرێك بوونی نەمێنێت، هەرێمی کوردستانیش نەتوانێت بەو شێوە ئینتقائییەی عێراق دەیەوێت، بە دەستوورەوە پابەند بێت، ئەمەش ژینگەی دانوستاندنەکانی کردۆتە جەدەلی بێزەنتی و ئەوەی هەرێم دەیڵێت، بەغدا گوێی لێ ناگرێت و، ئەوەشی بەغدا لە هەرێمی کوردستانی داوا دەکات، ئەو متمانەیە بوونی نەماوە کە هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات.

لەم ڕاستەوە ئەگەر سەیری ڕەوتی دانوستاندنەکانی نێوان هەرێم و عێراق بکەین، دەبینین ڕەوتێکی کیسەڵی وەرگرتووە، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم دانوستاندنە خێراتر بکرێن، ئەوا پێش ئەوەی داوای ئەوە بکەین لایەنێکی سێهەمی بەهێز بۆ نموونە «ئەمریکا» بێتە ناو پرۆسەی دانوستانەکانی هەرێم و عێراقەوە، ئەوا دەبێت یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ قسەکردن لەگەڵ عێراق لەسەر بنەمایەکی پتەو بێتە ئاراوە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، وێڕای هەوڵەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە، ئایا دەکرێت بەو ئاستە گەشبین بین کە ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بە ئاسانی لەناو حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بەرامبەر بەغدا دێتە ئاراوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەناو ئەم ناسەقامگیرییە سیاسییە ئاسان نییە و، لەمەش زیاتر حزبە سیاسییەکانی کوردستان بمانەوێت، یان نەمانەوێت بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ کاراکتەری دەوڵەتیی عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی و تەنانەت نێودەوڵەتیش هەیە، بۆ زۆر زەحمەتە بەرژەوەندیی باڵاو نیشتمانیی هەرێمی کوردستان بەو ئاستە کاریگەر بێت، کە بتوانێت هەموویان پێکەوە کۆبکاتەوە و، لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بیانهێنێتە دەرەوە.

لێرەوە کە بەشێوەیەکی تیۆری و لە چوارچێوەی ئەو کۆبوونەوانەی لەنێوان حزبە سیاسییەکان دەکرێت، هەموویان لە یەك خاڵدا یەك دەگرنەوە، کە بەغدا قووڵایی ستراتیژی هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و جێبەجێکردنی دەستوور، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا دەبێتە ئەوەی کە دوو پرسیار ئاراستەی خۆمان بکەین:

١- ئەگەر بەغدا قووڵایی ستراتیژی هەرێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئایا هەرێمی کوردستان بە چ شێوازێك و بە کام هەڵوێستی یەکگرتوو لە ناو ئەو قووڵاییە ستراتیژیەدا دانوستاندن دەکات و، داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات و، نەخشە ڕێگەیەکی ستراتیژی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دادەڕێژێت؟

٢- لایەنی بەرامبەر کە حکومەتی فیدراڵیی عێراقە، ئایا ئەوانەی نوێنەرایەتیی ئەو حکومەتە دەکەن و، دانوستاندن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن، کێن؟ چۆن سەیری مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن؟ میکانیزمیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەرێم چۆنە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین: دەبێت شاندی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسی و تەکنیکی بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی عێراق، بە ئاستێك بەهێز بێت، کە نوێنەرایەتی ئیرادەی تەواوی خەڵکی کوردستان و تەواوی حزبە سیاسییەکان بکات بە فەرمانڕەوا و ئۆپۆزسیۆنیشەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا شاندی دانوستاندنی کوردستان، لە ئاستی ئەو ئومێدەیە کە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێویستیەتی؟ بێگومان نەخێر، لە هەمانکاتدا لە پرۆسەی دانوستاندنەکاندا وەك لایەنێکی لاواز دەردەکەوێت، هۆکاری ئەم لاوازییەش لەبەر ئەوە نییە ئەندامانی شاندی کوردستان لاواز و کەم ئەزموونن، نەخێر، هۆکارەکە ئەوەیە لایەنی بەرامبەر کە حکومەتی عێراقە دەزانێت سەقامگیریی سیاسی و یەکڕیزی و هەماهەنگیی نێوان حزبە سیاسییەکان و پشتگیرییان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساغڵەم نییە و درز و کەلێنی زۆری تێدایە.

**یەکەکە فاکتەری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو توندوتیژی و سووتاندنی بارەگا حزبییەکان و سووتاندنی دامەزراوە حکوومیەکانی هەرێم بەرێت**

**نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا، بۆتە هۆکاری ئەوەی حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی ئینتقائیانە یاری بە بڕگەکانی دەستووری عێراق بکات لەمامەڵە کردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا**

**غیابی دەستوور بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، کەشێکی دروست کردووە کە متمانە بە هیچ جۆرێک بوونی نەمێنێت، هەرێمی کوردستانیش نەتوانێت بەو شێوە ئینتقائییەی عێراق دەیەوێت، بە دەستوورەوە پابەند بێت**

### ● دروستکردنی وەرچەرخان و بەڕێوەبردنی تەنگژە بە ئامانجی چارەسەر و لێکتێگەیشتن

کاتێك باس لەوە دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان «کابینەی ٩» دەبێت ئەدای باشتری بێت و، پرۆسەی چاکسازی بە خێرایی جێبەجێ بکرێت و، حزبە بەشدارەکان بە تەواوەتی پشتگیری جێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەکە بکەن کە لایەنە بەشدارەکان خۆیان دایانڕشتووە، یان کاتێك دەگەینە ئەو قەناعەتەی بەوەی زۆر زەحمەتە لەگەڵ ئەم حکومەتەی ئێستا و حکومەتەکانی داهاتووی عێراقیشدا کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان چارەسەر بن، پرسیار لێرەدا دەبێتە ئەوەی: ئایا چی بکەین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەسەر بەهێزکردنی ئەدای حکومەتی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، بە شێوە عەفەوی و سادەکەی گوێمان لە دوو وەڵام دەبێت:

● سەبارەت بە بەهێز کردنی ئەدای حکومەت، باس لە پێداچوونەوە بەو ڕێککەوتنە دەکرێت کە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لە نێوان هەرسێ لایەنەکە ئیمزا کراوە، ئەمەش واتە ڕەتکردنەوەی بەشداریی ئێستای «گۆڕان و یەکێتی» بەم شێوەیەی ئێستا لەناو حکومەتدا.

● سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانیشمان لەگەڵ بەغدا، هەندێك باس لەوە دەکەن، کە کوردستان بەشداریی خۆی لە حکومەتی فیدراڵی بکێشێتەوە، هەندێکی دیکەش باس لەوە دەکەن، دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوام بن، بەو ئومێدەی بە ناوبژیوانیی لایەنی سێیەم (ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان) بگەینە ڕێککەوتن.

پرسیاری سەرەکی بەرامبەر ئەم وەڵامانە ئەوەیە: ئایا ئەگەر لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی سێ قۆڵی بۆ پێکهێنانی حکومەت بکرێت، کێشەکانی کوردستان چارەسەر دەبن و ئەدای حکومەتیش بەهێز دەبێت، یان بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت؟ سەبارەت بە حکومەتی فیدراڵیش پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا بە کشانەوەمان لە حکومەتی فیدراڵی، یان بە بەردەوامبوون بەم شێوازەی ئێستای دانوستانەکان لەگەڵ بەغدا، کێشەکانمان چارەسەر دەبن، یان لە هەر دوو حاڵەتەکەدا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و، بەپشتبەستن بە ئەزموون و فیکری ئەو پسپۆڕانەی کاریان لەسەر بەڕێوەبردنی تەنگژە و دەرچوون لە تەنگژە کردووە، ئەو ڕێگا چارانەی ئێمە دەمانەوێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بیگرینە بەر، ئاکامەکەی هەر ئەوە دەبێت کە خۆمان بە چاوی خۆمان دەبینین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە بری ئەوەی لە چارەسەر نزیکمان بکاتەوە، بەپێچەوانەوە دوورترمان دەخاتەوە.

پسپۆڕانی بەڕێوەبردنی تەنگژە و دەرچوون لە تەنگژە، ئەوەمان فێردەکەن، کە هەنگاوی یەکەم بۆ دەرچوون لە تەنگژە پەنابردنە بۆ «لۆژیك و ئەقڵانیەت و مەعریفە»، ئەمەش بەو مانایەی مەرج نییە ئەم میتۆدە بمانگەیەنێتە ئەو چارەسەری کە بەدڵی خۆمان بێت، بەڵکو زۆر جاران لەوانەیە بمانخاتە دووڕێیانێکەوە و بە ناچاری ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرین کە بەدڵی خۆشمان نییە، ئەمەش پێویستی بەوەیە بیر لە ستایلێکی تازەی بەڕێوەبردنی تەنگژە و دەرچوون لە تەنگژە بکەینەوە، هەروەك چۆن ئیدوار دیمینگ لە کتێبی دەرچوون لە تەنگژە بەمجۆرە ئاماژەی پێ کردووە و دەڵێت: «دەرچوون لە تەنگژە پێویستی بە وەرچەرخانێکی تەواو و ستایلێکی تازەی بەڕێوەبردنی تەنگژەکە هەیە، ستایلێکی تازەش بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژە، پێنە و پەڕۆی ستایلە کۆنەکەی بەڕێوەبردنی تەنگژە نییە، بەڵکو ستایلی تازە پێویستی بە هەیکەلێکی تازەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە هەیە، لەوانەیە دروستکردنی ئەم قەڵمبازە بە وشە دەست پێ بکات، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە بەتەنیا وشەی قەڵمباز واتە هەنگاوێکی ڕێکنەخراوی بیرلێ نەکراوە، بۆیە دەبێت ئەم وەرچەرخانە بە هەوڵێکی بەهێزی ڕاستەوخۆ بێتە ئاراوە.»

لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین، دیمینگ بۆ دەرچوون لە تەنگژە، داوای بیرکردنەوەیەکی تازەمان لێ دەکات بۆ ئەوەی ستایلێکی تازە بۆ دەرچوون لە تەنگژە بێتە ئاراوە، ئەم ستایلە تازەیەش بۆ ئەوەی وەرچەخانێکی گەورە

**پێش ئەوەی داوای ئەوە بکەین لایەنێکی سێیەمی بەهێز بۆ نموونە «ئەمریکا» بێتە ناو پرۆسەی دانوستانەکانی هەرێم و عێراقەوە، ئەوا دەبێت یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ قسەکردن لەگەڵ عێراق لەسەر بنەمایەکی پتەو بێتە ئاراوە**

**دەبێت شاندی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسی و تەکنیکی بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی عێراق، بە ئاستێک بەهێز بێت، کە نوێنەرایەتی ئیرادەی تەواوی خەڵکی کوردستان و تەواوی حزبە سیاسییەکان بکات**

**حکومەتی عێراقە دەزانێت سەقامگیریی سیاسی و یەکڕیزی و هەماهەنگیی نێوان حزبە سیاسییەکان و پشتگیرییان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساغڵەم نییە و درز و کەلێنی زۆری تێدایە**

**ساتیلی تازە بۆ بەڕێوەبردن و دەرچوون لە تەنگژەکانی کوردستان و چارەسەکردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە سەرۆک وەزیرانی کوردستان زۆر بە راشکاوی هەستی بە مەترسییەکە کردووە و دەڵێت: ئێستا کوردستان دابەش بووە بۆ دوو بەرە، بەرەیەک دەویەێت هەرێم وەک قەوارەیەکی سیاسیی بەهێز نەمێنێت و، بەرەیەکیش بەرگری لەو قەوارە سیاسییە دەکات**

**ئەو ستایلەی لە هەردوو ئاستی شۆڕش و خەباتی شاخ و حوکمڕانی و هەتا ئێستاش کارمان پێ کردووە، نەک ستایلێکی خراپ بووە بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژە و دەرچوون لە تەنگژە، بەڵکو لەبەری ئەوەی لە تەنگژەیەک ڕزگارمان بکات، تەنگژە و کارەساتی گەورەمانی بۆ دروست کردووە**

دروست بکات بەرەو چارەسەری تەنگژەکان دەبێت هەوڵێکی راستەوخۆ و بەهێزی لە پشتەوە بێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، ستایلی تازە بۆ بەڕێوەبردن و دەرچوون لە تەنگژەکانی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە سەرۆك وەزیرانی کوردستان زۆر بە راشکاوی هەستی بە مەترسییەکە کردووە و دەڵێت: ئێستا کوردستان دابەش بووە بۆ دوو بەرە، بەرەیەك دەیەوێت هەرێم وەك قەوارەیەکی سیاسیی بەهێز نەمێنێت و، بەرەیەکیش بەرگری لەو قەوارە سیاسییە دەکات».

ئەم نووسینە تەواو هاوڕایە لەسەر شێوازی دەستنیشانکردنی ئەم مەترسییە گەورەیەی کە بەڕێز مسرور بارزانی دەستنیشانی کردووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە دوور بخەینەوە و لەم تەنگژەیە بە سەرکەوتوویی دەربچین؟ ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە پشت بە «لۆژیك و ئەقڵانیەت و مەعریفە» ببەستین و، دەبێت راشکاو و راستگۆیانە دەستنیشانی رەگ و ریشەی ئەو هۆکارانە بکەین کە ڕێگرن لە بەردەم دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز و ئیرادەیەکی یەکگرتوو لە کوردستاندا، لەمەش راشکاوانەتر مامەڵەیەکی راشکاو و راستگۆیانە لەگەڵ مێژووی ٦٠ ساڵی رابردووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و مێژووی ٣٠ ساڵی ئەزموونی حوکمڕانیی خۆماڵی لە کوردستاندا بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەو ستایلەی مامەڵەمان لەناو ئەو دوو مێژووە پێ کردووە، ئاکامەکەی چی بووە؟ لەوانەیە سادەترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بێت، ئاکامەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بوو.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، ئەو ستایلەی لە هەردوو ئاستی شۆڕش و خەباتی شاخ و حوکمڕانی و هەتا ئێستاش کارمان پێ کردووە، نەك ستایلێکی خراپ بووە بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژە و دەرچوون لە تەنگژە، بەڵکو لەبەری ئەوەی لە تەنگژەیەك رزگارمان بکات، تەنگژە و کارەساتی گەورەتری بۆ دروست کردووین، کەواتە واتە وەك دیمینگ جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەو ستایلە کۆنە نە پینەو پەرۆ دەکرێت، نە دەکرێت پێداچوونەوەشی پێدا بکرێت، بەڵکو واقیعەکە فەرزی دەکات، بە دوای ستایلێکی نوێی بەڕێوەبردن و دەرچوون لە تەنگژە بگەڕێین و هێزێکی گەورەش ئەم ستایلە نوێیە ئاراستە بکات.

دیارە ستایلی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رەگ و ریشەی سەرەکیی تەنگژە گەورەکە لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی کوردستان ئەوەیە کە ناتوانین ددان بەو واقیعەدا بنێین، کە تەنگژەکە لە کوردستاندا خوڵقاندوویەتی، ئەو واقیعەش تەنگژەی ئاست و بەشداریی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانە لە حکومەت و لە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، ئەم واقیعە لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهان سەلمێندراوە کە چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیە ئاسان نییە، هەر بۆیە کاتێك لە ٢٠٠٥ هەر دوو ئیدارەی «سلێمانی و هەولێر» لە چوارچێوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکیان گرتەوە، لە ٢٠٠٧ زانکۆی واشنتۆن-جیفرسۆن دکتۆرای فەخریی بەخشییە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی کوردستان و، یەکێك لەو هۆکارانە کە زانکۆی ناوبراو بۆ بەخشینی ئەم بڕوانامەیە دیاری کردبوو، ئەوە بوو کە نێچیرڤان بارزانی توانیویەتی لە حکومەتێکدا سەرکەوتوو بێت کە پارتی و یەکێتی دروستیان کردووە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم حکومەتە هاوبەشە سەرکەوتووە «کابینەی پێنجەم» و توانی ببێتە بناخەیەك بۆ لە ریشەهەڵکێشانی رەگ و ریشەی تەنگژە گەورەکە؟ بێگومان نەخێر، ئەوەش لەبەر چاومانە ئەو سەرکەوتنەی زانکۆی واشنتۆن-جیفرسۆن باسی دەکات، ئاکامەکەی ئەوە بوو ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی بووە مەرکەبی سەر کاغەز.

لێرەوە ئەگەر ددان بەو واقیعە تاڵەدا بنێین و بە ستایلێکی نوێ تەنگژە بەڕێوەبرین و هەوڵ بدەین لە تەنگژە دەربچین، ئایا دەبێت چۆن بە شێوەیەکی تازە بیر بکەینەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە راشکاوانە ئەوەیە دەبێت تەنگژەی ئاست و بەشداریی پارتی و یەکێتی لە حکومەت و حوکمڕانیی کوردستان

چارەسەر بکەین، ئەمەش بەو شێوەیە دەکرێت، وەك پسپۆڕانی زانستی سیاسەت و یاسای دەستووری بیریان لێ کردۆتەوە، دەبێت بە ستایلێکی تازە شێوازی حکومەت و حوکمڕانی سەرلەنوێ بونیاد بنرێتەوە، ئەم ستایلە نوێیە مانای دەستکاریکردنی هەیکەلەی ئێستای حکومەت نییە، بەڵکو چارەسەرکردنی ئیشکالیەتی دەسەڵاتی پارێزگاکانی کوردستانە بە یاسا و لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەم ئیشکالیەتەش تەنیا بەوە چارەسەر دەکرێت کە پارێزگاکانی کوردستان بەگشتی و هەردوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە» دەسەڵاتیان لە چوارچێوەی سیستمی لامەرکەزی بە ئاستێکی ئەوتۆ فراوان بکرێت، هەتا دەگاتە ئاستی یاسادانان «دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن» بۆ سیاسەتی ناوخۆی ئەو پارێزگایانە و هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەتایبەتی، بەمەش تەنگژەی ئاست و بەشداریی پارتی و یەکێتی لە حکومەت و کۆی پرۆسەی حوکمڕانی کۆتایی پێ دێت، ئەو تەنگژەیەی کە هەمووکات وەك بۆمبێکی تەوقیت وایە و هەر کاتێك بتەقێتەوە، دەتەقێتەوە.

بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، وەرچەرخانێکی گەورە لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان دێتە ئاراوە کە دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێ بکەین:

١- قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق پارێزراو دەبێت.

٢- پرسی پێدانی دەسەڵاتی فراوان بە پارێزگاکان بە دەرکردنی یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و، ئەمەش لە دەستووری عێراقدا ڕێگە پێدراوە و پێچەوانەی دەستووری عێراق نییە.

٣- یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە کردەیی لە سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە ڕێگەی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگاوە فەرمانڕەوای تەواو دەبێت و، دەبێت بەرپرسیاریەتیی تەواو لە ئەستۆ بگرێت.

٤- ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سووکتر دەبێت، ئیدی ئەوە نامێنێت، یاسایەك لە هەولێر جێبەجێ بکرێت، لە سلێمانی جێبەجێ نەکرێت، یان بە پێچەوانەوە.

٥- زەمینەی لێکتێگەیشتن لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە نێوان کۆی حزبە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی دروست دەبێت، ئەم زەمینەیە کە پارتی و یەکێتی ناچار دەبن بە تەواوەتی پشتگیری بکەن، زەمینەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی هەرێمی کوردستان بۆ شێوازی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دێنێتە ئاراوە و، حکومەتی عێراق و هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش کاتێك دەبینن لەسەر ئاستی کوردستان یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هەیە و، بە یەك گوتار داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکرێت، ئەوا ئەوکات تێدەگەن، نکۆڵیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و یاریکردن بە بڕگەکانی دەستوور ئاکامی باشی بۆ ئەوان لێ ناکەوێتەوە، بۆیە حکومەتی فیدراڵ ناچار دەبێت، بە دانوستاندن مل بدات و کێشەکان چارەسەر بکات، هەمووشمان هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقمان لەبەرچاوە، کاتێك ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەیان هەست پێ دەکرد، هەڵوێستیان بەرامبەر چارەسەری کێشەکان و تەنانەت سەربەخۆیی کوردستان چۆن بوو؟ هەروەها بینیشمان کاتێك ئەو یەکڕیزییە نەما، دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هەڵوێستیان چۆن بوو.

٦- زەمینەی دوو مامەڵەی جیاوازی پارتی و یەکێتی لەگەڵ پەکەکە کۆتایی دێت، لەبەر ئەوەی چیدیکە یەکێتی پشتگیری پەکەکە ناکات، وەك ئەو کێشەیەی لە «زینی» وەرتێ هاتە ئاراوە و ناچار دەبێت، سنوورێك بۆ جووڵەی پەکەکە لەو پارێزگایانە دابنێت کە دەسەڵاتی فراوانی پارێزگاکان دەیخاتە سەرشانی.

ئەوەی لە دوماهی ئەم نووسینەدا دەخوازین ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە بە ستایلی کۆنی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژەی ئاست و بەشداریی یەکێتی و پارتی لە حکومەت و حوکمڕانی کێشەکە چارەسەر نابێت، بۆ ئەم تەنگژەیەش مێژوو پێمان دەڵێت، دایکی هەموو تەنگژەکانی دیکە و تەنگژەی بوونی چەکدارانی پەکەکە و، چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراقیشە.

**پرسی پێدانی دەسەڵاتی فراوان بە پارێزگاکان بە دەرکردنی یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و، ئەمەش لە دەستووری عێراقدا ڕێگە پێدراوە و پێچەوانەی دەستووری عێراق نییە**

**حکومەتی عێراق و هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش کاتێک دەبینن لەسەر ئاستی کوردستان یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هەیە و، بە یەک گوتار داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکرێت، ئەوا ئەوکات تێدەگەن، نکۆڵیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و یاریکردن بە بڕگەکانی دەستوور ئاکامی باشی بۆ ئەوان لێ ناکەوێتەوە**

دیمانەی تایبەت

## ڤیلادیسلاف سۆتیرۆڤیج

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی مایکۆڵاس رۆمێرز بۆ گوڵان:

# ئێستا جیهان لە قۆناغی دووەمی شەڕی سارددایە

ڤیلادیسلاف سۆتیرۆڤیج پرۆفیسۆرە لە ئەنستیتیوتی زانستە سیاسییەکان، بەشی زانست و کارگێڕی لە زانکۆی مایکۆڵاس رۆمێرز لە ڤیلینیۆس- لیتوانیا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرس و بابەتێکی گرنگ دەدات، وەك دیراساتی پەیوەست بە ناوچەی بەڵقان و یوگسلافیای پێشوو، پرسی ناسیۆنالیزم و جیۆپۆلەتیك. پرۆفیسۆر ڤیلادیسلاف سۆتیرۆڤیج لە چەند زانکۆی دیکەی ئەوروپا وانە دەڵێتەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، کە پەیوەست بوون بەوەی پێی دەڵێن (سیستمی جیهانی) و ئەو کێشە و تەحەددییانەی رووبەڕووی ئەم سیستمە بوونەتەوە و ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی پێیان وایە ئەم سیستمە کۆتایی هاتووە و سیستمێکی دیکە لە سەروبەندی ئەوەدایە جێی بگرێتەوە.



*** ئایا دەتوانین بڵێین کە خۆری ئەو سیستمە لیبراڵییە ئاوا بووە کە لە دوای شەڕی سارد هاتەئاراوە؟**

- من پێم وانییە مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، سەرەتا دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە بە شێوەیەکی گشتی شەڕی سارد کۆتایی نەهاتووە. دوای ساڵی ١٩٤٥ دوو شەڕی سارد هاتنەئاراوە و سەریان هەڵدا، شەڕی یەکەمیان دوای ساڵی١٩٤٥ سەری هەڵدا و تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ درێژەی کێشا، شەڕی دووەمیان لە دوای ئەم بەروارەوە بەرپا بوو، تا ئێستا بەردەوامە. لە بنەڕەتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕێکخراوی ناتۆ ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکەی قۆناغی یەکەمی شەڕی ساردییان بەدی نەهێنا، ئەو ئامانجەی کە زبیگنیو بریجینسکی دایڕشتبوو- تێکشکاندن و داگیرکردنی رووسیا. بەڵام رووسیا دوای هەرەسهێنان و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت مایەوە و بەردەوام بوو، لەبەر ئەوە و لەم روانگەیەوە ئێمە لە قۆناغی دووەمی شەڕی سارددایـن. هەرچۆنێك بێت، هەر چەشنە سیستمێکی جیهانی لە چوارچێوەی شەڕی سارددا و لە پەیوەندی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ناکرێت سیستمێکی لیبراڵی بێت، بەلای کەمەوە لە روانگەی پێناسەی ئەکادیمیەوە بۆ لیبراڵیزم و بەها لیبراڵییەکان. هەرچۆنێك بێت، ئەوە روون بوو کە شێوازی لیبراڵیبوونی سیستمی جیهانی دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەت و پەیماننامەی وارشۆ، سەرکەوتوو نەدەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی ناتۆ لە قۆناغی یەکەمی شەڕی سارددا نەك هەر مایەوە و بەردەوام بوو، بەڵکو لە ساڵی ١٩٩٩ـەوە پتر بەرفراوان بوو، لەو ساڵەشدا و بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا راستەوخۆ لە کاری دەستدرێژکارییەوە تێوەگلا.

*** دەتوانی ئەم تێڕوانینەت زیاتر روون بکەیتەوە؟**

- لە راستیدا بە چاوپۆشین لە واقیعی ئەو سیاسەتە جیهانییەی کە لە قۆناغی یەکەمی شەڕی

**هەر چەشنە سیستمێکی جیهانی لە چوارچێوەی شەڕی ساردا و لە پەیوەندی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ناکرێت سیستمێکی لیبراڵی بێت**

**ئیدارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا رۆڵی سەرەکییان لە قەیرانی بەڵقاندا هەبووە**

**ئیدارەی ئەمریکا پشتیوانی لە سڕینەوەی رەگەزی سربی دەکرد لە کۆماری سربیا کە لەلایەن هێزی پۆلیس و سوپای کراوتییەوە ئەنجام درا**

ساردا هاتە ئاراوە، کە بریتی بوو لە کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەمی شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٨٩دا، واشنتۆن بەردەوام هەنگاوی هەڵدەگرت بەرەو پێگەی هێزێکی جیهانیی باڵادەست، لەسەر حیسابی باقیی جیهان. بێگومان ناوچەی بەڵقان بەهۆی ئیمپریالیزمی جیهانیی ئەمریکاوە بووە یەکەم ناوچەی قوربانی لە ئەوروپا. دەتوانین بڵێین کە ئیدارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا رۆڵی سەرەکییان لە قەیرانی بەڵقاندا هەبووە، ئەو قەیرانەی بەهۆی تێکشکاندنی خوێناوی یوگسلافیای پێشووە هاتەئاراوە و تێیدا واشنتۆن رۆڵی لە سێ قۆناغی سەرەکیی مێژووییدا هەبوو:

١- تەنیا بەهۆی ئیدارەی ئەمریکاوە بوو (بە دیاریکراوی باس لە دوایین باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین، وارێن زیمەرمان)، کە سەرۆکی بۆسنیا-هێرزۆگوڤینیا عەلی عیزەت بیگوڤیچ (نووسەری جاڕنامەی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٠) رێککەوتنی لیشبۆنی رەت کردەوە، کە پەیوەست بوو بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی قەیرانەکانی بۆسنیا کە لەلایەن بەرپرسانی سرب، کروات، و بۆسنییەکانەوە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٢دا واژوو کرابوو. عەلی عیزەت بیگوڤیچ یەکێك بوو لەو سێ کەسەی واژووی لەسەر ئەم رێککەوتنە کردبوو. رێککەوتنەکەش بە سەرپەرشتیی کۆمەڵگەی ئەوروپا ئەنجام درابوو (کۆمەڵگەی ئەوروپی و دواتر بووە یەکێتی ئەوروپا) کە لەلایەن دیپلۆماتکاری بەریتانی لۆرد کاریگتۆن و باڵیۆزی پورتوگال خۆسێ کوتیلێریۆوە نوێنەرایەتی دەکرا. هەرچۆنێك بێت، لەژێر پارێزگاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، حکومەتی بۆسنیا-هێرزەگۆڤینیای بۆسنی-کرواتی لە ٣ی ئازاری ساڵی ١٩٩٢دا سەربەخۆیی راگەیاند، کە سربەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەرهەڵستییان کرد. لەبەر ئەوە، دوو شەڕخواز (وارێن زیمەرمان و عەلی عیزەت بیگوڤیچ) بوونە هۆی ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە بۆسنیا-هێرزەگۆڤینیا رووبدات و درێژە بکێشێت، تا لە ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٥دا راوەستا، کاتێك رێککەوتنی دایتۆن لە ئۆهایۆ لە نێوان (سلۆبۆدان میلۆسۆفیج، بیل کلینتۆن، عەلی عیزەت بیگوڤیچ و فرانجۆ تودمان) واژوو کرا.

٢- ئەوە دەقاودەق ئیدارەی ئەمریکا پشتیوانی لە سڕینەوەی رەگەزی سربی دەکرد لە کۆماری سربیا کە لەلایەن هێزی پۆلیس و سوپای کراوتییەوە ئەنجام درا (لە نێویاندا لەلایەن میلیشیا نازییە نوێیەکانی کرواتیا بە ناوی ئوستاشا) ئەویش لە رۆژەکانی ٤-٥ی مانگی ئابی ١٩٩٥دا روویدا. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئۆپەراسیۆنە تاوانکارییە (لەژێر ناوێکی نهێنیدا ئۆلوجا واتە گەردەلول) واشنتۆن هەموو پشتیوانییەکی لۆژیستی، سیاسی، دیپلۆماتی و سەربازی بۆ زاگرێت تەرخان کرد، لە دەرئەنجامدا نزیکەی ٢٥٠ هەزار سربی کرواتی لە ماوەی دوو رۆژدا ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت کە بە خێرایی لەلایەن کرواتەکانەوە داگیرکران.

٣- پارێزگای خودموختاری باشووری سربیا کۆسۆڤۆ-میتۆشی سەرەتا لەلایەن هێزەکانی (ناتۆ/هێزی رزگاریخوازی کۆسۆڤۆ) لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩دا داگیرکرا، دواتر لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨دا بە شێوەیەکی سیاسی لە وڵاتی دایك جیابۆوە، کاتێك پەرلەمانی کۆسۆڤۆ کە ئەلبانییەکان باڵادەست بوون تێیدا سەربەخۆیی راگەیاند، ئەویش لە دەرئەنجامی راستەوخۆی سیاسەتی ترس و فۆبیا لە سرب لەلایەن ئیدارەی سەرۆك بیل کلینتۆن و وەزیری دەرەوەی ئیدارەکەی مادلین ئۆڵبرایت، کە ئەویش کەسێکی شەڕخواز بوو. لە ئێستادا کۆسۆڤۆ جگە لە بەشەکەی باکووری، لە رووی ئیتنییەوە لە سرب پاك کراوەتەوە و کراوەتە دەوڵەتێکی مافیایی و، واشنتۆن و باقی دەوڵەتە رۆژئاواییەکانی نێو رێکخراوی ناتۆ بە بێدەنگی پشتیوانی لێ دەکەن، هەروەها لەلایەن یەکێتی ئەوروپاشەوە کە ددانی بەم نیمچە سەربەخۆییەدا نا، بە هەمان شێوەیە.

لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە لە بنەڕەتدا و لە ماوەی ئیدارەی سەرۆك بیل کلینتۆندا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست بەڵقان (یوگسلافیای پێشوو) لەلایەن مادلین ئۆڵبرایتەوە دارێژرا و جێبەجێ کرا، کە لە کۆتایی سەدەی ٢٠دا یەکێك بوو لە بەرپرسانی ئەمریکا کە سیاسەتی ترس و فۆبیایان لە ئاست سربدا برەو پێ دەدا. ئێمەش دەزانین کە مادلین ئۆڵبرایت لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٧ بۆ ٢٠٠١ بە ٦٤ـەمین وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا، هەروەها پۆستی راوێژکاری ئاسایشی

نەتەوەیی و باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوو. ئەو ئافرەتەی کە باڵاترین پۆستی هەبوو و ڕەوتێکی توندی لە مێژووی حکومەتی ئەمریکادا هەبوو و لە یادەوەرییەکانیدا چەندین چیرۆکی ناڕاستی لەبارەی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا لە سەروبەندی سەدەی بیست و یەکدا بڵاو کردۆتەوە، ئەو یەکەم ئافرەت بوو لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دابمەزرێت. لە ماوەی هەشت ساڵی خولی یەکەم و دووەمی ئیدارەی سەرۆك بیل کلینتۆندا، ئەو سەرکەوتوو بوو، لە تێکدانی وێنەی ئەمریکا وەك وڵاتێکی دیموکراتی و ئازادیخواز، ئەویش بە هۆی ئەوەی ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوەی هەبوو لە دەستدرێژیکاریی ڕێکخراوی ناتۆ بۆ سەر کۆماری فیدراڵی یوگسلافیا لە ساڵی ١٩٩٩ کە لە سربیا و مۆنتینگرۆ پێك دەهات، کە ئەمەش یەکەم دەستدرێژیکاریی ئەم ڕێکخراوە بوو لە ماوەی ٥٠ ساڵی مێژوویدا کە بۆ ئامادەکاری بۆ داگیرکردنی رووسیا دروست کرابوو. دەستدرێژیکارییەکە ٧٨ ڕۆژی خایاند، لە ٢٤ی ئازارەوە تاوەکو ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩، یەکێك بوو لە هەڵمەتە دڕندە و دڵڕەقەکان لە مێژووی هاوچەرخدا کە سەرجەم یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێساکانی شەڕ و لە هەمووشی گرنگتر میساق و پرەنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێشێل کرد. مادلین ئۆڵبرایت لە یادەوەرییەکەیدا هەوڵدەدات ڕۆڵی گرنگ و تەنانەت یەکلاکەرەوەی خۆی بشارێتەوە لە ئامادەکاری بۆ سیاسەتی ئیمپریالیستی لە قۆناغی دووەمی شەڕی سارد، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆڵی سەرەکیی ئەو لە ئامادەکاری و جێبەجێکردنی شەڕی بێ پێشینەی ئەمریکا/ناتۆ بۆ سەر یوگسلافیای پێشوو، زۆرترین کاریگەریی هەبوو لەسەر وڵاتەکەی. یادەوەرییەکانی مادلین ئۆڵبرایتی وەزیری دەرەوە چیرۆکی ئافرەتێکە، کە مەیلێکی گەورەی شەڕخوازیی هەیە و توانایەکی سەرسوڕهێنەری شاردنەوەی ڕاستییەکانیشی هەیە. بە دڵنیاییەوە یادەوەرییەکانی ئۆڵبرایت بەشدارییەکی گرنگە لە مێژووی سیاسیی دیپلۆماسییەتی دەستدرێژکاری، کە بەشێکە لە پڕۆژەی ئەمریکا بۆ درێژکردنەوەی هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا، ئەویش دوای هەڵوەشانەوە و هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەت لە سەروەختی دەستپێکی قۆناغی دووەمی شەڕی سارددا.

*** ئەگەر ئێمە باس لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە ئایا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئەوروپادا چین و ئاکامی ئەو بەرژەوەندییانە چی دەبن؟**

- بەدەستهێنانی سیستمی نوێی جیهانی لە دوای ساڵی ١٩٩٠ـەوە لە واشنتۆن تاوتوێ کرا، ئێمە دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە کۆتاییهاتنی قۆناغی یەکەمی شەڕی سارد، ئەوا ئەمریکا بریتی بووە لە بەهێزترین هێزی ئابووری و سەربازی و سەرکردەی ڕێکخراوی ناتۆ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە دەستپێشکاری ئەرکی پاراستنی ئاشتی لەسەر ئاستی جیهانی و خستنەگەڕی پڕۆسەی گفتوگۆکردن لە ناوچەکانی پڕ لە دەوڵەتی شکستخواردوودا، کە هەر خۆی قەیران و شەڕەکانیشی خوڵقاندووە، بەتایبەتی لە بەڵقاندا، لە هەمان کاتدا پاڵەوانی دژ بە تیرۆریزم و تاوانی نێودەوڵەتی بوو، کە تیرۆر و تاوانی نێودەوڵەتیش کاردانەوە بوون بۆ سیاسەتە دەرەکییە نەگریسەکانیان، کە بریتی بوو لە ئیمپریالیزم و هەژموونکاریی جیهانی. هەرچۆنێك بێت، بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێکن لە بەرژەوەندییە بەرفراوانەکەی ئەو وڵاتە لە تەواوی ئەوروپادا، زۆرێك لە سیاسەتمەدار و زانایانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مشتومڕیان کرد، کە یا ئەوەتا ئەمریکا سەرکردایەتیی ئەوروپا دەکات، یان ئەوروپا بێ سەرکردە دەبێت، لەبەر ئەوەی فەڕەنسا و ئەڵمانیا (هێزە میحوەرییەکانی یەکێتی ئەوروپا) هێندە بەهێز نەبوون تا جڵەوی سەرکردایەتی بگرنەئەستۆ، ئەڵمانیا لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا زۆر سەرقاڵ بوو بە دەرئەنجامەکانی یەکگرتنەکەیەوە. هەرچۆنێك بێت، دەستپێشخەریی ئەم دواییەی سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانوێڵ ماکرۆن (لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ـەوە) بۆ دروستکردنی هێزێکی هاوبەشی ئەوروپی، ڕەنگە ئاماژە بێت بەوەی کە لە کۆتاییدا ئەوروپییەکان

**واشنتۆن هەموو پشتیوانییەکی لۆژیستی، سیاسی، دیپلۆماتی و سەربازی بۆ زاگرێت تەرخان کرد، لە دەرئەنجامدا نزیکەی ٢٥٠ هەزار سربی کرواتی لە ماوەی دوو ڕۆژدا ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت**

**لە ئێستادا کۆسۆڤۆ جگە لە بەشەکەی باکووری، لە ڕووی ئیتنییەوە لە سرب پاك کراوەتەوە و کراوەتە دەوڵەتێکی مافیایی و، واشنتۆن و باقی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی نێو ڕێکخراوی ناتۆ بە بێدەنگی پشتیوانی لێ دەکەن**

**یادەوەرییەکانی مادلین ئۆڵبرایتی وەزیری دەرەوە چیرۆکی ئافرەتێکە، کە مەیلێکی گەورەی شەڕخوازیی هەیە و توانایەکی سەرسوڕهێنەری شاردنەوەی ڕاستییەکانیشی هەیە**

هێنده کامڵ بوون که خۆیان جڵەوی ئاسایشی خۆیان بگرنەدەست لە کیشوەرەکەیاندا و چیتر لەژێر سایەی ڕێکخراوی ناتۆ بە سەرکردایەتیی ئەمریکا نەمێننەوە. لە بنەڕەتدا پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئێستادا (واتە دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی یەکەمی شەڕی سارد) گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت، ئەوا ئەمریکا چ جۆرە سەرکردایەتیەك دەگرێتەبەر؟ لەم ڕووەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستە هۆشیار بێت، کە باشترین سەرکردایەتی ئەوەیە کە هاوبەشی بکات لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لەم حاڵەتەدا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا/ناتۆ، بە دیاریکراوتر لەگەڵ فەڕەنسا، ئەڵمانیا، و بەریتانیا و بە دڵنیاییەوە ڕووسیاش دەبێت بە جددی لەبەرچاو بگیرێت. کاتێك ڕووسیا ئاوێتەی سیستمی ئاسایشی هاوبەشی ئەورووپا دەکرێت، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە و دۆستایەتی و هاوبەشێتی، ئەوا دوائامانج بریتی دەبێت لە بەدیهێنانی دیدگایەکی هاوبەش و هەماهەنگیی کارا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، هەروەها هاوکاریی ئابووری و سیاسیش. بەم شێوەیە، دەکرێت بە دڵنیاییەوە بەر بە ڕوودانی کەیسەکانی کاولکارییە توندوتیژەکان و شەڕە ناوخۆییەکان بگیرێت، بۆ نموونە وەك ئەوەی لەسەر خاکی یوگسلافیای پێشوو ڕوویدا، شرۆڤەکارە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پەرۆشەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە نابێت بوونی ئەورووپا لە کیشوەری ئەورووپادا لە ڕوانگەی ڕکابەری و ململانێ لێك بدرێتەوە، بەڵکو دەبێت وەك بەشێك لە هاوبەشیی نێوان هەردوو بەرەی ئەتلانتیك لێی بڕواندرێت، لە نێوان هەردوو کیشوەرەکەدا، هەروەها دەبێت لە گۆشەنیگای پێویستیەوە تەماشا بکرێت، بۆ نموونە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت ئەزموونی تاڵی وەك ئەوەی وڵاتی یوگسلافیای پێشوو دووبارە ببنەوە. هەڵوێستی فەرمیی واشنتۆن ئەوە بوو کە دەستتێوەردانی ڕێکخراوی ناتۆ (بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) لە هەردوو حاڵەتی بۆسنیا-هیرزۆگۆڤینیا لە ساڵی ١٩٩٥ و لە کۆسۆڤۆ لە ساڵی ١٩٩٩ کە هەردوو دەستتێوەردانەکە لە دژی سربەکان بوو، باشترین ڕێکار و هەنگاو بوو بە بەرارود و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەستپێشخەرییانەی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە خرانەڕوو. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی بەدی کراوە ئەوەیە کە دەستتێوەردانی سەربازی لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا کێشەی زیاتری سیاسی و ئەمنیی بۆ ماوەیەکی درێژخایەنتر دروست دەکەن. ئەوەی قابیلی تێگەیشتنە ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت خەمسارد بێت لە ئاست ڕووخانی چەندین دەوڵەتدا، کە گرنگن بۆ بەرژەوەندییەکانی، بەڵام دەبێت ئەم پرەنسیپە بۆ هێزە گەورە و مەزنەکانیش لەبەرچاو بگیرێت، دواتر دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ناسەقامگیریی ناوچەیی لە کۆتاییدا بەرفراوان دەبێت و ناوچەی دیکەش دەگرێتەوە و ڕووبەڕووبوونەوە و ناکۆکیی نوێش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانیی ئابووریی بۆ هەندێ وڵات و پاڵپشتیی سەربازی بۆ هەندێ وڵاتی دیکە دەستەبەر کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی ئەمریکا پێشتر وەك هێزێکی پارێزگارکار لە سەقامگیریی نێودەوڵەتی باوەڕی بە سەقامگیریی ناوچەیی هەبوو، بەڵام لە ڕووی واقیعییەوە ئەمریکا باوەڕی وابووە کە دەبێت ئەم سەقامگیرییە لە سایەی بەرژەوەندییەکانی واشنتۆندا بێتەئاراوە و بپارێزرێت. ڕەنگە حاڵەتی کۆسۆڤۆ، باشترین نموونە بێت بۆ ئەم پراکتیزە لە ڕێی: هێنانەئارای سەقامگیرییەکی فەرمی لەم پارێزگایەی سربیا، بەڵام لە سایەی کۆنترۆڵکردنێکی سیاسی و جڵەوکردنێکی تەواو لەلایەن ڕۆژئاواوە بە شێوەی سەرەکییش ئەمریکا.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاسایشی جیهانیی قۆناغی دووەمی شەڕی سارددا چییە؟**

- لە پرسی پشتیوانکردن لە بەرفراوانکردنی ناتۆدا، ئەوا مەیلی جیاکاریکردن بەدی دەکەین لەگەڵ ئەو وڵاتانەی خوازیاری ئەوەن ببنە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، ڕەنگە هۆکارەکەش لەبەر ئەوە بێت کە بەرژەوەندییەکان زۆر گرنگترن لەوەی بایەخ بە پرسی ئاسایشی جیهانی بدرێت. ئەوانەی لە ڕوانگەی ئاسایشی جیهانییەوە پشتیوانی لەوە دەکەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببێتە هێزێکی باڵادەست و هەژموونکار بەسەر جیهاندا، بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن کە ئەوان نایانەوێت ئەمریکا وەك

**شرۆڤەکارە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پەرۆشەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە نابێت بوونی ئەورووپا لە کیشوەری ئەورووپادا لە ڕوانگەی ڕکابەری و ململانێ لێک بدرێتەوە**

**ئەوەی بەدی کراوە ئەوەیە کە دەستتێوەردانی سەربازی لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا کێشەی زیاتری سیاسی و ئەمنیی بۆ ماوەیەکی درێژخایەنتر دروست دەکەن**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت خەمسارد بێت لە ئاست ڕووخانی چەندین دەوڵەتدا، کە گرنگن بۆ بەرژەوەندییەکانی**

رزگارکاری جیهانی، یان وەك پۆلیسی جیهان وێنا بکەن، بەڵکو ئەوان دەڵێن ئێمە پشتیوانی لە سەرسەختیی ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەکەین. بەڵام لە رووی واقیعیەوە ئەوان بە ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانەدا کار دەکەن، چونکە لەبەر ئەوەی لە ئێستادا چەندین کێشە و ناکۆکی و نادڵنیایی هەن لە جیهاندا، ئەوا دەرفەتی زیاتر بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رەخساوە بۆ ئەوەی ببێتە پۆلیسی ناوچەکە و رزگارکاری جیهانیی سیستمەکە. ئەمریکا لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی دیکەی رێکخراوی ناتۆ، پرۆسەی ئاوێتەبوونی لەگەڵ پانتایی ئەوروپی-ئەتلانیتکدا (واتە ئەو ناوچە و پانتاییەی لە ژێر ئیدارە و کۆنترۆڵی ئەمریکادایە) بە رێگایەکی دووسەرە دادەنێت، کە دەبێت هەر یەکێك لە هاوبەشەکان ئەرکی خۆی بەدی بهێنێت و جێبەجێی بکات. سەرباری ئەوەش، بێگومان پرسی هەڵکەوتەی جیۆستراتیژی لە ئارادایە، بۆ نموونە: تورکیا لە بری یۆنان لە قەیران و تەنگژەی قوبرس لە ساڵی ١٩٧٤دا، لەگەڵ راگەیاندنەکانی پەیوەست بە لایەنی ئابووریی ئاسایشەوە لە مەودای نزیك، مامناوەند و دووردا، کە دەکرێت لە کۆتایی پێچەوانە بکرێتەوە، هاوکاریی سەربازی، پشتیوانی سیاسی و دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەوروپای رۆژهەڵات، ئەویش وەك ئامرازێك بۆ ئەوەی قەڵغانێکی ئەمنی بۆ خۆیان دروست بکەن لە دژی ئەوەی پێی دەوترێت دەستدرێژکاریی رووسی، بەڵام دەکرێت ئەمە بگۆڕدرێت بۆ نادڵنیایی لە نێو ئەم وڵاتانەدا، کە ئەویش دەرئەنجامی سیاسەتی ئیمپریالیی ئەمریکایە لە ئاستی رووسیادا وەك ئەوەی لە قەیرانەکانی جۆرجیا لە ساڵی ٢٠٠٨ و ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠١٤ بینیمان، لەبەر ئەوەی شێوازی ئەمریکا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی و هەژمونگەرایی، کاریگەریی پێچەوانەی لێ کەوتەوە و بووە هۆی وروژاندنی (رووسیا و چین) بۆ ئەوەی ئەوانیش توانای سەربازی و ناوکیی خۆیان بەهێز بکەن، هەروەك ئەوەی کە لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ڤلادیمیر پۆتین بە دیاریکراوی ئاماژەی بەم پرسە کرد.

*** ئەی سەبارەت بە سیاسەتی جیهانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان چۆن لە ستراتیژی جیۆپۆلەتیکی ئەمریکا دەڕوانێت ؟**

- هێنری کیسەنجەر کە لە سەروەختی شەڕی ڤێتنامدا وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی یەکەمی شەڕی ساردی لە تێڕوانینی جیۆپۆلەتیکی ئەمریکای بەم شێوەیەی خوارەوە پوخت کردەوە:

لە رووی جیۆپۆلەتیکییەوە، ئەمریکا دورگەیەکە لە بەرامبەر کەنارەکانی خاکێکی بەربڵاوی ئیروئاسیا، کە سەرچاوە و ژمارەی دانیشتووانەکەی زۆر زیاترن لەوەی لە ئەمریکادا هەیە. هەژموونی هەر تاکە هێزێك لە هەر یەکێك لەم دوو بەشەی ئیروئاسیادا- ئەوروپا یان ئاسیا- پێناسەیەکی باشە بۆ ئەو مەترسییە ستراتیژیەی کە رووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە، ئیدی شەڕی سارد لە ئارادا بێت، یان نا، چونکە یەکگرتنی ئەو وڵاتانە دەبێتە هۆی دروستبوونی هێزێك کە لە رووی ئابوورییەوە هێزی ئەمریکا تێدەپەڕێنن و لە کۆتاییدا دەتوانن لە رووی سەربازییەوە لە ئەمریکا بەهێزتر بن. کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کە لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا لە واشنتنۆن ئاماژە بەوە کرا کە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێگاچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ باڵادەستبوون و سەپاندنی هێزی خۆی بەسەر ئیرۆئاسیادا. کەسانی موحافیزکاری نوێ و شەڕخوازی وەك زبیگنیو بریجینسکی ئاماژەیان بەوە کرد، کە ناوچەی بەرفراوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ (بەڵقان، باکووری ئەفریقیا، ئاسیای ناوەڕاست) چەقی پرسێکی ئیروئاسیاییە لە روانگەی ستراتیژی، ئابووری، ئایدیۆلۆژی و لە سەرووی هەمووشیەوە لە رووی جیۆپۆلەتیکییەوە. هەرچۆنێك بێت، ئامانجە جیهانییە جیۆپۆلەتیکییە بەرفراوانەکانی کەسانی موحافیزکاری نوێی نێو ئەمریکا کە (نزیك بوون لە هێنانەدی ئامانجی باڵادەستبوونی بەردەوام بەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) رەنگدانەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە بوو کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە سەرکردایەتیی وەزیری دەرەوە مادلین ئۆڵبرایت بەدی هات.

**ناسەقامگیریی ناوچەیی لە کۆتاییدا بەرفراوان دەبێت و ناوچەی دیکەش دەگرێتەوە و رووبەڕووبوونەوە و ناکۆکیی نوێش بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

**ئەوانەی لە روانگەی ئاسایشی جیهانییەوە پشتیوانی لەوە دەکەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببێتە هێزێکی باڵادەست و هەژموونکار بەسەر جیهاندا، بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن کە ئەوان نایانەوێت ئەمریکا وەك رزگارکاری جیهانی، یان وەك پۆلیسی جیهان وێنا بکەن**

**شێوازی ئەمریکا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی و هەژمونگەرایی، کاریگەریی پێچەوانەی لێ کەوتەوە و بووە هۆی وروژاندنی (رووسیا و چین) بۆ ئەوەی ئەوانیش توانای سەربازی و ناوکیی خۆیان بەهێز بکەن**



دیمانەی تایبەت

## جۆزێف ئۆلمەرت

شارەزای کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئیدارەی نوێی ئەمریکا ناتوانێت واقیعی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەرامۆش بکات و فەرامۆشیشی ناکات

جۆزێف ئۆلمەرت پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی. پێشتریش پرۆفیسۆری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی تەل ئەبیب و زانکۆی بار ئیلان، هەروەها وانەبێژ بووە لە زانکۆی کۆرنێل و زانکۆی یۆرك، لە هەمان کاتدا پۆستی باڵای هەبووە لە حکومەتی ئیسرائیلدا وەك: بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی سەرۆك وەزیران ئیسحاق شامیر و راوێژکاری وەزیری بەرگری مۆشێ ئارێنس. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوخۆی ئەو وڵاتە و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرسیارێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** سەرەتا دەمانەوێت بیروبۆچوونی ئێوە بزانین لە بارەی ئەو مشتومڕانەی بە دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکادا هات، ئایا لە رووی گەورەترین سەرکەوتن و بەرچاوترین شکستیدا چ هەڵسەنگاندنێکت بۆ چوار ساڵی سەرۆکایەتییەکەی سەرۆك ترەمپ هەیە؟**

- ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دابەشبوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی ئەمریکای نەخوڵقاند، بەڵام بە دڵنیاییەوە بووە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوون و توندبوونەوەیان، زۆرێك لە سیاسەتەکانی سەرۆك ترەمپ سیاسەتی دروست و مانابەخش بوون، بەڵام شێوازی سەرۆکایەتییەکەی و ئەو دابەشبوونە قووڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، ئەو تێڕوانینەیان دروست کرد، کە ئەو سەرۆکایەتییەکی شکستخواردووی هەبوو، راگەیاندنیش رۆڵی هەبوو لە برەودان بەم تێڕوانینەدا، لەبەر ئەوەی دژی بوون. هەڵنەبژاردنەوەشی ئاماژەیەکی روون بوو بۆ ئەوەی کە خەڵکی ئەمریکا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ شێوازێکی نەرمتر و ئارامتری سەرۆکایەتی.

*** لەبارەی سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن و ئەدای ئیدارەکەی لەبارەی پرسە ناوخۆییەکانی وەك پەرەپێدانی ئابووری و باشتر ئیدارەدانی پەتاکە و مامەڵەکردن لەگەڵ جیاکاریی رەگەزپەرستی، پێشبینیەکانت چین؟**

- سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن بۆ ئەوە هەڵبژێردراوە تاوەکو ببێتە سارێژکاری برینەکان، نەك بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکێکی شۆڕشگێڕ، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە یەکەم جار بووە کاندیدی دیموکراتەکان، چونکە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، گەلی ئەمریکا حەزیان بەو جەمسەرگیری و ناکۆکییە نەبوو، کە شێوازی سەرۆکایەتی ترەمپ قووڵی کردبوونەوە. لەم روانگەیەوە، بایدن هەوڵی ئەوە دەدات کە هەڵوێستی هەردوو حزبەکە یەك بخات، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هاوکاری لەگەڵ کۆمارییەکانی نێو کۆنگرێس دەکات، با ئەوەش لە یاد نەکەین کە دیموکراتەکان براوەی ئەنجومەنی پیران نەبوون و، لە کۆنگریسدا ١٠ کورسییان لەدەست دا.

*** دەگوترێت کە شێوازی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بۆتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا گومان لەوە بکەن، کە ئایا دەتوانن متمانە بە ئەمریکا بکەن و پشتی پێ ببەستن، واتە ئەم ئیدارەیە زیانی بە پێگەی ئەمریکا گەیاندووە، ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەمەدا؟ ئایا جۆ بایدن دەتوانێت ئەمە راست بکاتەوە؟**

- من هاوڕام، لە ئەوروپا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا بەرهەڵستیی ترەمپیان کرد، هەروەها پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین بە هۆی سیاسەتەکانی ترەمپەوە تێك چوون، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لە ئەفریقا پێگەی ئەمریکا بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بوو، هەروەها لە ئەمریکای باشوور و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. دەبێت بایدن وریا بێت و هەڵەکانی سەرۆك ئۆباما دووبارە نەکاتەوە، کە هەمیشە وشە و نییەتی جوانی هەبوو، بەڵام هەنگاوی یەکلاکەرەوە و دروستی هەڵنەدەگرت.

*** پێت وایە سیاسەتی ئیدارەی جۆ بایدن لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی دەبێت و ئایا هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا دێت؟ بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا و کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا هەیە؟**

- سەرۆك بایدن دەگەڕێتەوە بۆ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، ئەویش دوای ئەوەی هەموار دەکرێتەوە و گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بەڵام ئەمەش بەندە بە ئێرانییەکانەوە، زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەن کە ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ نێو ئەم رێککەوتنە وەك ئەوەی لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا هیچ شتێك رووی نەدابێت. با ئەوەمان لەیاد بێت، هەلومەرجی ئێستا دۆخی ٢٠١٥ نییە- ئێستا ئیسرائیل لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداودا دەکات لە دژی رێککەوتنەکە لەگەڵ ئێراندا و دەبێت ئەمریکاش ئەمە لەبەرچاو بگرێت. کێشەی فەلەستین لەلایەن بایدنەوە ئەولەوییەتێکی زیاتری پێ دەدرێت و دەستپێشخەرییش دەکات لە ئاست فەلەستینیەکاندا، بەڵام من پێم وانییە گۆڕانکاریی بنەڕەتی رووبدات، تێکڕای چاوەڕوانییەکانی فەلەستینییەکانیش لەم رووەوە بەدی نایەن.

*** ئاماژەتان بە واقیعێکی نوێ کرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بریتییە لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، ئایا ئیدارەی جۆ بایدن لەم بارەیەوە چ هەڵوێستێکی دەبێت؟**

- ئیدارەی نوێی ئەمریکا ناتوانێت واقیعی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەرامۆش بکات و فەرامۆشیشی ناکات. رەنگە سعودیە بە رەوتێکی خاوتر و بە نهێنیتر لەگەڵ ئیسرائیلدا پەیوەندی بگرێت، بەڵام پرسی ئێران، ئەوە بەهۆی ترس لە ئوسوولگەرایی ئیسلامی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکاندا، دەستەبەری بەردەوامبوونی رەوتێکی ئەرێنی دەکەن.

*** ئێستا کە جۆ بایدن بە سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردراوە، ئایا پێت وایە کار لەسەر پلانەکەی دەکات کە پەیوەستە بە دابەشکردنی نەرمی عێراقەوە؟**

- نەخێر، بە داخەوە بایدن بیرۆکەکانی لەبارەی دابەشکردنی عێراقەوە جێبەجێ ناکات.

**سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن بۆ ئەوە هەڵبژێردراوە تاوەکو ببێتە سارێژکاری برینەکان، نەک بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکێکی شۆڕشگێڕ**

**ئێستا ئیسرائیل لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداودا دەکات لە دژی رێککەوتنەکە لەگەڵ ئێراندا و دەبێت ئەمریکاش ئەمە لەبەرچاو بگرێت**

**دەبێت بایدن وریا بێت و هەڵەکانی سەرۆک ئۆباما دووبارە نەکاتەوە، کە هەمیشە وشە و نییەتی جوانی هەبوو، بەڵام هەنگاوی یەکلاکەرەوە و دروستی هەڵنەدەگرت**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی خانی - دهۆک

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulan-media.com*

پ.د. شێرزاد نەجاڕ



## دیدی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا «جۆ بایدن» بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی

ڤیلادیسلاف سۆتیرۆڤیچ



## ئێستا جیهان لە قۆناغی دووەمی شەڕی ساردداییە

مەحموود محەمەد شاکر



## سەرکردەکانی پەکەکە زۆربەیان کورد نین و تورکن و ناشزانن بە کوردی قسە بکەن

جۆزێف ئۆلمەرت



## ئیدارەی نوێی ئەمریکا ناتوانێت واقیعی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەرامۆش بکات و فەرامۆشیشی ناکات

دکتۆر ئەحمەد سەفار:



## وێڕای ئەگەری باشبوونی ئابووریی جیهان، ساڵی ٢٠٢١ بۆ عێراق ساڵێکی زۆر زەحمەت دەبێت

## توندوتیژییەکان مەترسیی گەورە لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن



گوڵستان ئەحمەد:

## خەونم ئەوەیە ببم بە پاڵەوانی جیهان و ببم بە باشترین ڕاهێنەری وەرزش



## ئەپڵ و بەرهەمێکی نوێ



## ئایا ڤاکسینی کۆڤید١٩ زیانی لابەلای هەیە؟



## کەرکووک عەلی مەردان لە ئامێز دەگرێتەوە





کەریم سلێمان

راوێژکاری جڤاتی رۆحانیی ئێزدیان بۆ گوڵان:

# هەتا پەکەکە لە شنگال بێت، شنگال کاولتر دەبێت و ناتوانرێت ئاوەدان بکرێتەوە و خەڵکەکەی بگەڕێتەوە

# پەکەکە بڕوای بە هیچ ئایینێک نییە، نازانین بۆچی دەیەوێت ئایینی ئێزدی بکاتە ئایینی زەردەشتی

# هەر کوردێکی ئێزدی بیەوێت کاری حزبی نەکات و بگەڕێتەوە ناو ماڵی خۆی پەکەکە زیندانی دەکات

کوردانی ئێزدی بە درێژایی مێژوو دوو زوڵمیان دەرهەق کراوە، ئەویش زوڵمی نەتەوەیی و ئایینی بوو، لەدوای داگیرکردنی شنگالیش لەلایەن تیرۆریستانی داعش و ئەنجامدانی ژینۆساید دژی کوردانی ئێزدی و هاتنی چەکدارانی پەکەکە کە بە حیساب ئیدعای ئەوە دەکەن هاتوون بۆ پاراستنی کوردانی ئێزدی، ئێستا زوڵمێکی دیکەشیان لێ دەکرێت کە ئەویش زوڵمی « پەکەکە»یە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو زوڵمەی «پەکەکە» لە ئێستا دەرهەق بە کوردانی ئێزدی دەیکات و بۆتە ڕێگر لە بەردەم ئاوەدانکردنەوەی شنگال، ئەم دیدارەمان لەگەڵ کەریم سلێمان راوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدیان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**رۆڵی کاریگەر و پیرۆزی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ رزگارکردنی ئێزدییەکان تاوەکو لەدنیادا هەین، لەبیری ناکەین**

**بە هاوکاری و یارمەتییەکانی جەنابی نێچیرڤان بارزانی توانرا ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئێزدی لە دەستی داعش رزگار بکرێن**

*** وەك دەزانن بەشێکی گوندەکانی ئێزدی دەکەونە رۆژئاوای کوردستان و لەوێش قەتڵوعام کران و چەکدارانی پەکەکە نەك هەر نەیاتوانی ئەو خەڵکە ئێزدییە بپارێزن، بەڵکو چەندین گەنجی ئێزدییان رفاند و کردیان بە چەکداری خۆیان و لە چوارچێوەی سوپای دیموکراتی سووریا لە رەققەی پایتەختی داعش بە کوشتن دران، ئایا ئێوە وەك راوێژکاری جڤاتی رۆحانیی ئێزدییەکان لە مبارەوە چی دەڵێن؟**

- کوردانی ئێزدی هەموو کات دوو زوڵمیان لە سەر بووە، کە یەکێکیان زوڵمێکی مێژووییە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی کوردە و ئاشکرایە نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەیە کە هەتا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە و ئەم زوڵمە لەسەر کورد هەتا ئێستا بەردەوامە، دووەم زوڵمیش لەسەر کوردانی ئێزی، زوڵمی ئایینییە لەبەر ئەوەی ئایینێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەم ئایینە لە پێش هاتنی ئیسلام هەبووە و بەڵگە و دیکۆمێنتەکان دەیسەلمێنن کە پێش گەیشتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان خەڵکێکی زۆر لە سەر ئایینی ئێزدی بوون، ئەمە وای کردووە کە زوڵمی سەر ئێزدیان هەم نەتەوەیی و هەمیش ئایینی بێت. مخابن ئەوە دوو دەیە لە سەدەی بیست و یەك تێپەڕدەبێت، بەڵام ئەو زوڵم و هەڕەشەیە لەسەر ئێزدیان بەردەوامە، ئەوجا لە هەر پارچەیەکی کوردستان بژین. لە رۆژئاوی کوردستان پێشتر ژمارەی ئێزدیان زۆر لە ئێستا زیاتر بوون، دیارە ئەو دەڤەرانەی کە ئێزدی تێدا دەژین، بریتین لە حەسەکە، قامیشلی، عەفرین و.. چەندین شوێنی دیکە، پاش ئەوەش کە رەوشی سووریا تێکچوو بە شێوەیەکی گشتی کوردی رۆژئاوا دوچاری کارەسات بوون، بەڵام دیسان کوردانی ئێزدی لەبەر ئەوەی لەوێش ژمارەیان کەمتر بوو، بوونە قوربانیی گەورە، چونکە دوژمنی کورد سەبارەت بە کوردی ئێزدی دوو بیانوویان هەیە، یەکێکیان نەتەوایەتی کە کوردبوونە، بیانووەکەی دیکەیان ئایینییە لەبەر ئەوەی ئێزدایەتی ئایینێکی جیاوازە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هەندێك جاریش حزبە سیاسییە کوردییەکان بەتایبەتی «پەکەکە» کوڕان و کچانی ئیزدیان بۆ کارو مەرامی خۆیان بەکارهێناوە. کاری سیاسی بەو جۆرە نییە کە ئەو جۆرە حزب و لایەنە سیاسییانە دەیکەن، چونکە سیاسەت بیروباوەڕ و هزرە، نەك ئەو جۆرە هەڵسەوکەوتەیە کە پەکەکە دەیکەن. هەر بۆ نموونە خۆ ناکرێت، یەکێك چووە ناو حزبێك و لە پاش ماوەیەك ویستی واز بێنێت، زیندانی بکەن و نەهێڵن ئەو کەسە لە بڕیاری خۆی ئازاد بێت، ئەمەش کێشەیەکی زۆر گەورەی لە رۆژئاوا بۆ کوردانی ئێزدی دروست کردووە، ئێمە وەك کوردی ئێزدی هەر حزبێکی سیاسی خەبات بۆ کوردستان بکات، رێزی دەگرین و شانازیی پێوە دەکەین، بەڵام کێشەی کوردانی ئێزدی لەگەڵ پەکەکە ئەو رەفتارانەیە کە پەکەکە نەك هەر تەنیا دەرهەق بە کوردی ئێزدی ئەنجامیان دەدات، هەڵە گەورەکەی پەکەکە ئەوەیە کە دەرهەق بە زیاتر لە ١٠ ملیۆن کوردی باکوور ئەنجامیان داوە، کوردانی باکوور هەست و باوەڕێکی بەهێزی نەتەوەییان هەیە، بەڵام رەفتار و سیاسەتە هەڵەکانی پەکەکە، ئەو تین و گوڕە نەتەوەییەی کز کردووە، ئەو کارو هەڵسەوکەوتانەی پەکەکە دەیکات، ئەنجام و بەرهەمەکەی هیچ دیار نییە، تەنیا خەڵکەکە دەکوژرێن و تالان دەکرێن و دەربەدەر دەبن لە ئەنجامی سیاسەتە هەلەکانی پەکەکەوە، بۆیە دەبێت بڵێین سیاسەت ئەوە نییە پەکەکە دەیکات. ئەو سیاسەتەی پەکەکە پەیڕەوی دەکات، چارەنووسی کوردی بەگشتی کردووەتە قوربانی و کوردی ئێزدیش زۆر زەرەرمەند بوون و بوونەتە قوربانی.

*** باس لەوە دەکەن کە پەکەکە ئەوجا بۆ هەر مەرامێك ئەوە بکات، ئایینی ئێزدی وەك بەشێك لە ئاینی زەردەشتی لە قەڵەم دەدات و لەناو رێکخراوەکانی کوردی ئێزدی لە رۆژئاوا پەیکەری زەردەشتی دروست کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئایینی ئێزدی ئایینێکی سەربەخۆیە، یان بەشێکە لە زەردەشتی؟ ئەگەر ئایینێکی سەربەخۆیە پەکەکە بەچ مەرامێك هەوڵدەدات ئاینیی ئێزدی بشێوێنت؟**

- دەستکاریکردنی ئایینی ئێزدی و ئەو شتەی لەوبارەوە دەکرێت، لە هەقیقەتدا زۆر نارەوایە و دروست نییە، چونکە ئێزدایەتی ئایینێکی سەربەخۆیە و کۆنترە لە ئایینی زەردەشتی و سێ هەزار ساڵ پێش زایین هەبووە، ئایینی زەردەشتی لە دوای ئێزیدایەتی پەیدا بووە و

ئێمە ڕێز و حورمەتمان بۆ هەموو ئایینەکان هەیە و زۆر کوردیش زەردەشتی بوون و ئەمە زۆر ئاساییە، بەڵام تەئکید دەکەینەوە کە ئیزدایەتی و زەردەشتایەتی لەیەکتر جیاوازن و لە کۆندا لە کوردستان چەندین ئایینی دیکەش جگە لە ئێزدی و زەردەشتی هەبوون، وەك ئایینی مانەوی، مەزدەکی، جوولەکە و ...تاد. بیردۆزێك هەیە پێی دەڵێن «وحدە ادیان»، کە بەپێی ئاماژەکانی ناو ئەو بیرۆدۆزەوە هاوبەشی لە نێوان هەموو ئایینەکان بەگشتی هەیە، بۆیە زۆر نۆڕماڵە هەندێك شتی هاوبەش لە نێوان ئێزدایەتی و زەردەشتایەتی هەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو دوو ئایینە یەك ئایینن، یەکێك هەوڵ بدات ئەو هەقیقەتە بشێوێنێت، ئەوە شێواندنی هەردوو ئایینی ئێزدی و زەردەشتییە، نازانم ئەو بیرو هزرەی پەکەکە لەو بارەیەوە بۆچییە و مەبەستیان چییە لەو کارانەی دەیکەن. هەر چەندە دەزانین بیروباوەڕی پەکەکە میسالی نییە و بە هیچ ئایین و مەزهەبێك نەبەستراوەتەوە، بەڵکو پەکەکە لێرەدا دەیانەوێت سوود لە ئایین وەربگرن بۆ سیاسەت و حزبی خۆیان، ئەگەرچی لەسەریان پێویستە بە دروستی سیاسەتی خۆیان بکەن، نەك شێواندن لە ئایینەکان دروست بکەن.

*** ئاگادارن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی هەر لە سەرەتای شەڕی دژی داعشەوە نووسینگەیەکی دامەزراندووە بۆ ڕزگارکردن و گێڕانەوەی ئافرەتانی ئێزدی، هەندێك جار ئەو کچ و ژنانەی بە ڕێگەی ناوچەکانی پەکەکە ئازاد دەکرێن، پەکەکە گێچەڵیان پێ دەکات، بۆ ئەوەی بیانکاتە چەکداری خۆی و بە کوشتنیان بدات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە ئەو کچ و ژنانە ئازاد بکرێن و بگەڕێنەوە ناو خێزانی خۆیان، ئایا جیاوازیی پەکەکە و داعش چییە کە ئەویش جارێکی دیکە زیندانیان دەکاتەوە؟**

- سیاسەتی پەکەکە ڕوون و ئاشکرایە، نەك تەنیا بۆ خوشك و برایانی کوردی ئێزدی، بەڵکو لە ئەوروپا و لە هەموو شوێنێکی دیکەش، هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ ئەوەی گەنجانی کورد بە کوڕ و کچ هەڵخەڵەتێنن و بیانبەنە لای خۆیان لەدوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ و ئەو ژینۆسایدەی دەرهەق بە کوردی ئێزدی کرا، ئەمە زەمینەی ئەوەی ڕەخساند کە پەکەکە ئەو زوڵم و زۆرەی دەرهەق کوردانی ئێزدی ئەنجام درابوو، بیقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندیی حزبیی خۆی، لە چوارچێوەی ئەو پڕوپاگەندانەی دەیکردن، بەوەی ئەو شەڕی دژی داعش دەکات، بۆ پاراستنی کوردانی ئێزدی، ژمارەیەك لە کچان و کوڕانی ئێزدی بۆ ناو ڕیزەکانی پەکەکە رابکێشن. باشە ئەو خەڵکە بەو نییەتە چووە لای پەکەکە بەوەی پەکەکە شەڕی دژی داعش دەکات، بەڵام کاتێك واقیعی سیاسەتی پەکەکەیان بینی و، دەیانەوێت ڕیزەکانی پەکەکە جێ بهێڵن و بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، ئەوە غەدرێکی گەورەیە کە پەکەکە ڕێگەیان لێ دەگرێت و ئازادییان لێ زەوت دەکات و، بە ئاشکرا دەڵێت ئێوە هاتوونەتە ناو ئێمە و ناتوانن وازبێنن و بچنەوە ماڵی خۆتان، یان زیندانتان دەکەین. ئەمە لە کاتێکدا لەناو حزبە کوردستانییەکاندا خەڵك بە ئازادیی خۆی دەچێتە ناو حزبێك، هەروەها ئازادیشە ئەگەر وازی لێ بهێنێت، بەڵام ئەمە لەلای پەکەکە نییە، قەت ئەو ڕەفتارە خراپانەمان لە هێچ حزبێکی دیکەی کوردستانی نەبینیوە وەك ئەوەی پەکەکە دەرهەق بە کچ و کوڕانی کوردی ئێزدی پیادەیان کردووە، هەر بەم سیاسەتە هەڵەیەی پەکەکە چەندین کوڕو کچانی کوردی ئێزدی بەتایبەتی لە شنگال و دەڤەرەکە بوونە قوربانیی دەستی پەکەکە. لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو لە ساڵی ٢٠١٤ بڕیارێکی دا، کە بڕیارێکی مرۆڤایەتی و نیشتمانی بوو کە خزمەتێکی زۆری کوردی ئێزدی کرد، ئەویش دامەزراندنی نووسینگەیەکی تایبەتی بوو بۆ ڕزگارکردنی کوڕو کچ و ئافرەت و پیاوانی کوردی ئێزدی لە دەستی داعش، ئەم کارو بڕیارە پیرۆز و گرنگ و مرۆڤایەتییە بە هیچ جۆرێك لەبیر ناکرێت، هەر لە ڕێگای ئەم نووسینگەیە و هەوڵەکانی بەردەوام و هاوکاری و یارمەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی لەلایەن جەنابی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی توانرا ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئێزدی لە دەستی داعش ڕزگار بکەن.

*** یەکێك لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی شنگال**

**وەک کوردی ئێزدی هەر حزبێکی سیاسی خەبات بۆ کوردستان بکات، ڕێزی دەگرین و شانازیی پێوە دەکەین**

**کوردانی باکوور هەست و باوەڕێکی بەهێزی نەتەوەییان هەیە، بەڵام ڕەفتار و سیاسەتە هەڵەکانی پەکەکە، ئەو تین و گوڕە نەتەوەییەی کز کردووە**

**ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو کچ و ژنانەی لە دەستی داعش رزگاریان بووە، لە چوارچێوەی لیوایەکی پۆلیسی فیدراڵی هەموویان دابمەزرێنێت و ئاسایشی شنگال بەو خانمانە بسپێرێت، ئایا ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند برینی ئەو کارەساتە گەورەیە لای ئیزدییەکان ساڕێژ دەکات؟**

- ئەو رێککەوتنەی لە نێوان حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاودێریی UN و ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ ئاساییکردنەوەی شاری شنگال کراوە، کارو رێککەوتنێکی زۆر باشە، بێگومان دەبێت هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق شنگال بپارێزن و ئەو هێزو میلیشیاتەی ئێستا لە شنگالن و لە قەزایەکدا دە حکومەتیان دروست کردووە، دەبێت لەوێ نەمێنن و ئەرکی پاراستنی ئاسایشی شنگال بدرێتەوە دەستی پێشمەرگە و سوپای عێراق، پاشانیش ئاسایش و ئەمنیەتی شنگاڵ رادەستی خەڵکی شنگاڵ بکەن، ئەوانەشی دەبن بە پۆلیس، دەبێت گەنجی بەتوانا و خورتی شنگاڵ بن، هاوکات وەك رێزگرتن بۆ ئافرەت و و قوربانیی ئافرەتان هەندێك لەو پۆلیس و کەسە ئەمنییانەی بۆ پاراستنی شنگال دادەنرێن، ئافرەت بن دروستە، بەڵام نەك هەر هەموو هێزەکە تەنیا ئافرەت بن، چونکە ئێمە لە ناوچەی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوین و لە کوردستان و عێراق دەژین و، ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمە کاریگەریی ئایینی و عەشائیری و جڤاکی لەسەر هەیە و لە ئەستێرەیەکی دیکە ناژین، کە هێزێك پێکبێت کە هەر هەموو کچ و ئافرەت بن، ئەمە ناکرێت، بەڵکو پێویستە هێزەکە هەر هەمووی گەنجی شنگاڵ بن و لە کچ و کوڕ پێکبێت.

**ئێزدایەتی ئایینێکی سەربەخۆیە و کۆنترە لە ئایینی زەردەشتی و سێ هەزار ساڵ پێش زایین هەبووە**

*** خۆتان ئاگاداری هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بوون لە شەڕی دژی داعش بۆ رزگارکردنی ئەو کوردە ئێزدییانەی لە کۆچۆ گەمارۆ درابوون، بۆ رزگارکردنی ئەو کوردە ئێزدییانە سەرۆك بارزانی هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان کردبوو کە لە ئاسمانەوە دابەزن و ئەو خەڵکە لە دەستی داعش ئازاد بکەن، بەڵام چەکدارانی پەکەکە رێگەیان نەدا ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدرێت، ئایا بۆچی پەکەکە بووە هۆکاری ئەوەی ئەو هەموو کوردە ئێزدییە لە کۆچۆ قەتلوعام بکرێن؟**

- ئەم بابەتە لە هەقیقەدا جێگای تێڕامان و پرسیارە و پرسیارێکی زۆر گرنگە و وەڵامی ئەو پرسیارەش تا ئێستا نییە، بەڵام رۆڵی کاریگەر و پیرۆزی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ رزگارکردنی ئێزدییەکان تاوەکو لەدنیادا هەین، لەبیری ناکەین، چونکە نەك تەنیا یەك رۆژ بەڵکو سەدان رۆژ جەنابی سەرۆك بارزانی لە سەنگەری پێشەوەی جەنگی دژی داعشدا بوو، بەتایبەتی لە شنگال و ناوچەکە تا دەگاتە رەبیعە و تا ئاستێك جەنابی بارزانی نەدەچووە شوێنی پشوودانی خۆی، بەڵکو چەندین رۆژ لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەنووست و بریاریشی دابوو کە دەبێت شنگال هەر رزگار بکرێت و سەرەنجامیش لە راستیدا بڕیاری خۆی هێناجێ و شنگال رزگارکرا. هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بۆ رزگارکردنی کوردانی ئێزدیی گەمارۆدراو لەلایەن داعشەوە، گەیشتە ئەو ئاستەی لەگەڵ هێزی ئەمریکا لە ئاسمانەوە لەسەر چیای شنگال دابەزن و بە فریای ئەو خەڵکەی کۆچۆ بکەون و، ئەو خەڵکە گەمارۆدراوە لە دەستی تیرۆریستانی داعش رزگار بکەن، بەڵام مخابن هێزەکانی پەکەکە رێگەیان لەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئەمریکا گرت و، بۆ رۆژی داواتر هەموو پیاوەکانیان کوشت و ژنەکانیشان برد، بە راستی ئەو کارەی پەکەکە هەتا ئێستا لای ئێمە جێگەی سەرسوڕمان و پرسیارە، لەم پرسە گوناهێك لەسەر پەکەکە هەیە، بەڵام پەکەکە بەرامبەر بە ئەمریکا چییە و ئایا ئەمریکا نەیدەتوانی سنوورێك دابنێت و ئەو جینۆسایدە لە کۆچۆ روونەدات؟ ئەمە مێژوو دەبێت وەڵامی بداتەوە.

**ئەو هێزو میلیشیاتەی ئێستا لە شنگالن و لە قەزایەکدا دە حکومەتیان دروست کردووە، دەبێت لەوێ نەمێنن و ئەرکی پاراستنی ئاسایشی شنگال بدرێتەوە دەستی پێشمەرگە و سوپای عێراق**

*** لە ئێستادا رێککەوتنی شنگال بە رێگەی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش بەو ئامانجەی زەمینەیەك بڕەخسێت بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکان و دەستکردن بە ئاوەدانکردنەوەی شنگال، بەڵام لەمەشدا چەکدارانی پەکەکە (یەبەشە) لە هەوڵی ئەوەدا بوون، ئەو رێککەوتنە تێك بدەن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە پەکەکە چ کاری بە شنگال هەیە؟ ئایا بۆ هەوڵ دەدات شنگال کاولتر بێت و رۆژانە**



## فرۆکەکانی تورکیا بۆردومانی بکەن؟

- ئەمە کێشەیەکە لە ٢٠١٤وە تا ئەمڕۆ بەردەوامە، ئێمە وەك میری ئێزدیان و وەك جڤاتی رۆحانیی ئێزدیانیش لەو کاتەی داعش پەلاماری ئێمەی دا و کوردانی ئێزدی چوونە سەر چیای شنگال، ئێمە سوپاسیان دەکەین کە هاوکاریی ئێمەیان کرد و رێگایان بۆ کردینەوە بچین بۆ سووریا و بەوەش خەڵکانێکی زۆری کوردی ئێزدیان لەدەستی داعش رزگار کرد، ئەمە راستە و ئێمە زۆر مەمنوونین و شایانی ستایشە، بەڵام بەردەوامیی مانەوەی پەکەکە و هێزەکانیان لە شنگال و ناوچەکە ئەوە کارێکی راست و شیاو نییە و مانەوەی پەکەکە زەرەری زیاترە لە سوودیان بۆ خەڵکەکە، ئێمە گەلێك جار ئەوەمان پێ گوتوون مەیدانی راستەقینەی پەکەکە کوردستانی باکوورە نەك باشووری کوردستان، ئەگەر پەکەکە بگەڕێتەوە مەیدانی راستەقینەی خۆی و خەباتی بباتەوە ناو خاکی تورکیا، ئەوا کوردی کوردستانی تورکیا هەموویان دەبنە هاوکاری ئەوان و خەبات بۆ رزگاریی خۆیان دەکەن. شنگال شوێنی ئەوان نییە و مانەوەشیان بەردەوام بیانوو بە تورکیا دەدات کە بە فڕۆکە بەردومانی شنگال بکات. وەك دەزانین شنگال بەشێکە لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدایە و هەندێك ناوچە لە شنگال هەن، وەك هەموو ناوچەکانی دیکە کێشە لەسەرن، وەك کەرکووك و خانەقین و...تاد، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، لە بری ئەوەی پەکەکە شنگال بەجێبهێڵێت و زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات کە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بێنە شنگال و دەست بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو کاولکارییە بکەن، ئایا پەکەکە بۆ لە شنگال دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی تورکیا بە فڕۆکە بوردومانی بکات و هێندەی دیکە کاولی بکاتەوە؟ هەر بۆیە پەکەکە بۆتە کێشەیەکی زۆر گەورە لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەو گەڕانەوەی خەڵك بۆ شنگال. لە ئێستادا ئێمە تەنیا یەك ئومێدمان ماوە کە ئەویش ئەو رێککەوتنەیە کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵ کراوە بۆ ئاساییکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شنگال و زۆر پێویستە ئەو رێککەوتنە جێبەجێ بکرێت، نەك بە شێوەیەکی شکڵی، بەڵکو بە شێوەیەکی واقیعی و پراکتیکی و ئەو هێزەی بۆ پاراستنی ئەمنی شنگال دروست دەکرێت، پێویستە لە گەنجانی شنگال بێت، نەك هەندێك لە کەسانی پەکەکە و یەپەشە و خەڵکی ناوچەکە نەبن، کە چەکی خۆیان دابنێن و بێنە ناو هێزەکەی پاراستنی شنگال، ئەو کات هێزەکە کێشەی بۆ دروست دەبێت و نابێت نە حکومەتی هەرێم نە حکومەتی عێراق رێگا بدات خەڵکی دیکە خۆیان بخزێننە ناو هێزی پۆلیس و پاراستنی شنگال.